

# بەبێ پێشمەرگە

## مێژووی نوێی جیهان نانووسرێتەوە




# ئەمجارەیان کورد وەک پاڵەوان لەسەر شانۆی ڕووداوەکانە نەک وەک تراژیدیا و قوربانی

# پێشمەرگە، باشترین قەڵغانی ڕۆژئاوایە

بێرنارد هێنری لیڤی

لە ٢ی حوزەیرانی ئەمساڵدا کۆنفرانسێک بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش لە پاریس بەڕێوەچوو. ئەمریکا یەکێک بوو لە بەشـــداربووانی کۆنفرانسەکە و سەرسەختانە بەرهەڵستی ڕەوانەکردنی هێزی زەمینی دەکات – بۆ بەگژداچوونەوەی داعش–. بە هەمان شێوە سعودییەش بەشداری کرد. هەروەها تورکیاش، هەموو کەس ئەو ڕاســتییە دەزانێت کە یەکێکە لە دەروازە سەرەکییەکان هەم بۆ هاتنی جیهادییەکان لە ئەوروپاوە و هەم بۆ گەڕانەوەشـــیان بۆ ئەوروپا. ئوسترالیاش بەشداری کرد، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە ئەوەندە باش بوو کە چەند ڕاهێنەرێکی ڕەوانەی ئیمارات کرد. عێراقیش، کە دوو هەفتە پێشتر سوپاکەی لە ڕومادی شکستی هێنا. لەگەڵ نزیکەی نوێنەرانی ١٥ وڵات وەک بەلجیکا و نیوزیلاندا، کە هۆکارێکی ڕوون نەبوو بۆ ئامادەبوون و بەشداریکردنیان. بەڵام، تەنیا لایەنێک کە بانگهێشت نەکرابوو، کوردستان بوو. کوردستان کە تاکە هێزە بەرەنگاری تیرۆریستە سەربڕەکان بووبێتەوە، تاکە هێزێکە کە توانای ئەوەی هەبێت بە درێژایی هەزار کیلۆمەتر سەنگەری گرتبێت، تاکە هێزێکە کە تەنیا بستێکیش خاکی بەدەستەوە نەدابێت، تەنانەت شوێنی ستراتیژیی گرنگیشی گرتبێتەوە لە نزیک شنگال و بەنداوی موسڵ. کوردستان خاوەنی ئەو سوپایەیە کە بە بێ هاوکاری ئەو کۆبانێ، کە شارێکی سیمبولییە، لە مانگی کانوونی دووەمدا دەکەوتە دەست بەربەرییەکان کە سێ لەسەر چواری ئەو شـــارەیان داگیرکردبوو، ئەو هێزە چەکدارەش، هێزی چەکداری کوردە، واتە سوپای کوردی عێراق کە بریتین لە پێشمەرگە قارەمانەکان، بەڵام پێدەچێت ئەو کۆنفرانســە شتێکێ ســەرپێی بووبێت لەبەر ئەوەی هیچی لێ سەوز نەبوو. ئەمە ئاماژەیە بۆ درێژە پێدانی هاوپەیمانێتی دوو کاراکتەر کە ئامانجەکانیان لە شەڕەکەدا بەلای کەمەوە گرفتئامێزە.



یەکەمیان، عێراقە کە بێگومان کوردســـتانیش لە رووی ئیدارییەوە هەرێمێکە و بەشـــێکە لە عێراق، هەر بۆیە ســـەرکردە عێراقییەکان پێیان باشـــتر بوو بە بێ باســـکردنی هێزی پێشمەرگە کە خاوەنی دەستکەوتی دیاریکراو و کونکرێتییە، دەست بە گەردیلەی سەروەریی عێراقەوە بگرن.

دووەمیـــان، تورکیایە، کە تاوەکو ئێســـتا ئەندامێتی لە ناتۆدا، نەبۆتە هـــۆی ئەوەی لە هێڵی دژە کوردبوون لابدات.

هەربۆیە دۆخەکە بە چەشـــنێکی تراژیدی ڕوونە. لەبەر ئەوەی ســـەرۆک ئۆباما، لە ســـایەی هیچ هەلومەرجێکـــدا، هێزی زەمینی ڕەوانە ناکات، ئـــەوا تەنیا دوو هێز، بەڵێ تەنیا دوو هێز، دەتوانن بـــەر بە دەوڵەتی ئیســـلامی داعش بگرن. کە بریتین لە: میلیشـــیا شـــیعەکان، لەلایەک. بەڵام زۆر لەمە دڵنیا نین. چونکە تاوەکو ئێســـتا، توانای سەربازی ئەو میلیشیایانە نەسەلمێندراوە. ئەوەی

## پێشمەرگە مۆدیلی پێنجەمی سوپا بۆ شەڕی هاوچەرخ دژی تیرۆریستان

جۆزیف نای، کە داهێنەری چەمکی هێزی نەرمە بۆ ئەوەی لـــە تێکەڵاوکردنی لەگەڵ هێزی رەق، هێزی زیرەك بەرهەم بهێندرێت، ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەکە لەسەر چەمکی هێز و ئایندەی هێز کاردەکات و لەم بوارەشدا نەك چەندین وتار، بەڵکو چەندین کتێبی نووسیوە. جۆزیف نای لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆر یاریـــدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە، بەڵام لە هەمانکاتدا لەســـەر ئاستی جیهان وەك بیرمەندێك ناســـراوە و وەك بیرمەندێك گوێ لـــە را و بۆچوونەکانی دەگیرێت. بۆیە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانیش وەك بیرمەندێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان بانگهێشت دەکرێت. هـــەروەك چۆن لـــە دوای راگەیاندنی خەلافەتە ئیسلامییەکەی داعش، لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ پەنێڵی ئایندەی سوپا بانگهێشـــتی کۆڕبەندی داڤۆس کرا، بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەوە بکرێت، چ مۆدێلێکی سوپا ئەو توانایەی هەیە تیرۆریســـتانی داعش لە سەر زەوی تێکبشکێنێت. دیارە بۆ ئـــەم کۆڕبەندە بێجگە لە جۆزیف نـــای و باڵیۆز واڵفنگ شـــینگەر سەرۆکی کۆنفرانســـی ٥١ی ئاسایشی میونخ، ژەنراڵێکی ســـوپای ئەمریکا و وەزیری بەرگری کۆلۆمبیا و د.رۆژ نوری شاوەیس ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردســـتانیش وەك فەرماندەیەکی پێشـــمەرگە

**دەمێنێتەوە هێزی پێشمەرگەیە، کە دووبارەی دەکەمەوە، کە تەنیا هێزن توانیویانە پاشەکشەی یەکلاکەرەوە بە دوژمن بکەن و ئەو هێزەی دەرکەوت ئەجێندا سیاسییەکەی کۆک و تەبایە لەگەڵ فرەیی و چەمکی ئیسلامدا (ئازادی بیرباوەڕ و ئازادی ئایینی)، هەروەها دانپێدانان بە ڕۆڵی ئافرەتان کە ئەمە هاوشێوەی نییە لە ناوچەکە و ئەگەر کورد سەرکەوتوو بێت ئەوا ئەمە دەبێتە مۆدێلێک بۆ ناوچەکە.**

**کەواتە، ئایا ئێمە ئامادەی هاوکاریکردنی کوردین بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکات؟ ئایا یارمەتییان دەدەین بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن بۆ برەودان بە بەهاکانی دیموکراسی و یاسا. کە ئەمەش تەنیا بژاردەیەکی عاقڵانە و شەرەفمەندانەیە. تەنیا ڕێگاچارەیە لەبەردەم هاوپەیمانێتیەکەدا کە دەیەوێت تیرۆر لە ناو ببات و شارستانیەتیش بپارێزێت. بەڵام، ئەوەش ڕاستە کە ئەمە پێویستی بە دەستەبەرکردنی چەکی میلان و دژە تانک و تانک هەیە، کە پێشمەرگەش کەموکوڕییەکی زۆری هەیە لەم ڕووەوە و بە بێ ئەو چەکانە تەنانەت باشترین شەڕکەرانی جیهانیش دەستەپاچە دەبن لە بەرامبەر ئەو بەربەرییانەی کە پاڵنەرێکی بەهێزیان هەیە و خاوەن چەکی قورسن، کە بەم دواییە دەستیان بە سەر کۆگای چەکی سوپای عێراقدا گرت لە ڕومادی.**

**هەروەها ئەوەش ڕاستە کە ئەم هاوکارییە سەربازییە گەورەیە پێویستی بە پێداگیرییەکی گەورە هەیە بۆ زاڵبوون بە سەر بەرهەڵستی بەغدا و حیساباتە پڕ لە گومانەکانی ئەنقەرە، لەگەڵ خۆلادان لەو تەڵە مەترسیدارەی کە تاران ناویەتەوە.**

**بە کورتی بەرەنگاربوونەوەی ستراتیژیەتە گەورەکانی سێ ئیمپراتۆریەت- عەرەبی و عوسمانی و فارسی-، کە حاڵی حارز سەرقاڵی خۆبنیادنانەوەن.**

**پێدەچوو سەرۆکی فەڕەنسا فرانسوا هۆلاند ئامادە بێت، کاتێک لە مانگی نیساندا پێشوازی لە گرووپێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە کرد بە سەرۆکایەتی وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، بەڵام کوا هاوپەیمانەکانی دژی تیرۆریستانی داعش؟ ئایا چاوەڕێی چی دەکەن؟ ئایا دەستیان لەوە هەڵگرتووە کە مێژوو بە بێ کورد بنووسرێتەوە- یاخود لە دژی کورد بنووسرێتەوە- لەم پشتێنەی گەردەلوولەدا کە لە بەغداوە بەرەو دیمەشق درێژ دەبێتەوە و لە نیویۆرک و لەندەن و بەرلین و پاریس هەست بە شەپۆلەکانی دەکرێت.**

**لە چەند هەفتەی داهاتوودا دەبینین. سەرەڕای ئەوەی هێزی پێشمەرگە خاوەنی بوێرییەکی جێی سەرسوڕمانن، بەڵام ناتوانن بە بێ هاوکاری تەواو، هەتا سەر بەرگە بگرن.**

● **سەرچاوە:** (huffingtonpost.com)

بانگهێشت کرابوون، لەم پەنێڵەدا جوزیف نای باسی لە مۆدێلی چوارەمی سوپا کرد لە شەڕی هاوچەرخدا، کە ئەویش شەڕی بێ سەربازە، وەك هێرشی سایبەر و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و بەکارهێنانی ڕۆبۆت لە بری سەرباز بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕەکان. ئەو کە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ پێیوابوو تەنیا سوپایەك بتوانێت شەڕی هاوچەرخی ئایندە یەکلایی بکاتەوە، تەنیا ئەو سوپایەیە کە سەرباز بەشداری تێدا نەکات، بەڵام لە شوباتی ٢٠١٥ واتە تەنیا یەك دوو هەفتە دوای کۆڕبەندی داڤوس و یەك دوو ڕۆژ پێش گرێدانی کۆنفرانسی ٥١ی میونیخ بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی وتارێکی بە ناونیشانی ئایندەی هێزی سەربازی بڵاو کردەوە، لەو وتارەدا (ئەو وتارە لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە بڵاو دەکەینەوە) ئاماژە بەوە دەکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان دەبێت مۆدێلی پێنجەمی سوپا دروستبکرێت و لەسەر ئەمریکا پێویستە پشتگیری لۆجیستی سوپای تەقلیدی بداتە ئەو هێزانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئەرز شەڕی تیرۆریستان دەکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر مۆدێلی یەکەمی سوپا لە شەڕی هاوچەخدا، سوپاکەی ناپلیۆن بێت و مۆدێلی دووەم سوپاکانی شەڕی یەکەمی جیهانی بێت و مۆدێلی سێیەم بەکارهێنانی تابوری پێنجەم بووبێت لە سەردەستی هیتلەر لە شەڕی دووەمی جیهاندا و پاش ئەویش لە دوای شەڕی دووەمی جیهان و

# تەحەدییەکانی گرووپە غەیرە دەوڵەتییەکان

هایم حاکیم

**لە دوای شەڕی ساردەوە بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و نەیارانی دابەش ببوو، بەڵام ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی هەیە، لەناویانیشدا رژێمی ئەسەدی لە سووریا پاراستووە، لەگەڵ ئەمانەشدا گرووپی چەکداری غەیر دەوڵەتییش پەیدابوون کە وەک پاڵەوانی سەرەکی لە کێشەکانی ناوچەکە دەرکەوتوون، بەشی هەرە زۆری ئەم گرووپە چەکدارییانەش رقیان لە ئەمریکایە.**
**ئەمڕۆ ناسەقامگیری و دەوڵەتی لاواز و کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی جێگەی ئامانجە سیاسییەکانی ئەمریکای لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتۆتەوە. بۆیە ئێستا لەهەر کاتێکی دیکە پێویستترە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پۆلێنی وەرچەرخانی کۆمەڵە دوژمنەکانی بکات، کە بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز لە ژینگەی سیاسیی ناوچەکە دەجووڵێنەوە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە حکومەتی ئەمریکا هۆشیاری و دینامیکیەت و داهێنان پیشان بدەن لە کاتێکدا چەندین مەترسیی گەورە بەرەو دیواری ناوەوەی باڵیۆزخانەکەی دێنە پێشەوە.**
**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو رێکارانەی لەبەردەستیەتی کە مامەڵەی لەگەڵ حکومەتەکان پێدەکات و، ئەم پێوەندییە دوو قۆڵییانەی هانی ئەمریکای داوە کە بتوانین چەندین گرووپی تیرۆریستی دەستنیشان بکەن، بەڵام لە بەرامبەردا ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گرووپە چەکدارە**

سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیا سوپای سایبەر و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و بەکارهێنانی رۆبۆت بێت لە بری سەرباز، ئەوا شەڕی داعش و گرژ و ئاڵۆزییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەریخست، کە ئەو شەڕە پێویستە بە سوپایەك هەیە کە بتوانێت لەسەر ئەرز تیرۆریستان تێکبشکێنێت.
وەك بیرنارد هنری لیڤی بیرمەندی گەورەی فەرەنسی لە چەند رۆژی رابردوو لە وتاریکدا بە ناونیشانی (پێشمەرگە باشترین سوپای رۆژئاوایە بۆ تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی داعش) بڵاوی کردۆتەوە، ئاماژە بەوە دەکات، تەنیا هێزێك لەسەر ئەرز توانیبێتی بیسەلمێنێت توانای ئەوەی هەیە تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، هێزی پێشمەرگەیە، ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم هێزە -پێشمەرگە - مۆدێلێکی تازەی سوپایە بۆ تێکشکانی تیرۆریستان لەسەر ئەرز، ئەم سوپایە پێویستی بە رۆکێتی میلان و تانك و زرێپۆش و چەکی قورس هەیە و ناکرێت لەبەر خاتری سەرووەری عێراق، رۆژئاوا لە پڕچەککردنیان کەمتەرخەمی بکات، لەمەش بیرنارد لیڤی ئەو پرسیارە دەکات، ئایا بە بێ پێشمەرگە، جیهان دەتوانێت مێژووی نوێی خۆی بنووسێتەوە؟ یان ئایا جیهان دەتوانێت لە دژی کورد مێژوو بنووسێتەوە؟

**● سەرۆکی پێشمەرگە**
**یان پێشمەرگەی سەرۆك**

جۆن مالکۆمالین بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لە توێژینەوەیەکیدا کە مانگی رابردوو لە سەنتەری ستراتیژی بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی (CSIS) بە ناونیشانی (هێزە گەورەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا) بڵاوی کردۆتەوە، تیایدا جەخت لەوە دەکاتەوە، ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە شەش پاڵوی ریبیك دەچێت، کە بە ئاسانی دەتوانی رەنگەکان تێکەڵ بکەیت، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەتوانی رێکیان بخەیتەوە، لەمەش زیاتر باس لەوە دەکات، ئێستا پرسی جێگەی سەرسوڕمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە، نازانێت کێ ئەم کێشەیەی دەست پێکردووە؟ نازانیت کێ هاوپەیمانە لەگەڵ کێ؟ نازانیت هۆکارەکان چین کە لایەنە جیاوازەکانی دابەش کردووە؟ ئەم دیراسەتەی مالکومالین ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەرکردایەتیکردن لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا نەك هەر حاڵەتێکی دەگمەنە، بەڵکو مەحاڵیشە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی دڵنیایە لەوەی ئەمریکا و رووسیا و چین و ئەوروپا سەرکەوتوو دەبن لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی تەنگژەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بەوە کردووە، سیاسەتەکان هاودژ دەبن

غەیرە دەوڵەتییەکان میکانیزمی زۆر کەمی لەبەر دەستە. ئەمەش لەبەر ئەوەی کاتێک دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ گرووپە چەکدارە غەیرە دەوڵەتییەکان بکات، ئەوا زۆر جار ئامێر و ئامانجەکان سنووردارن بۆ گۆشەگیرکردن و نەهێشتی ئەم گرووپانە، سەرەنجامیش وەک دەبینین ئەم گرووپانە هەر لە گەشەکردندان. لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم گرووپە چەکدارە نێودەوڵەتییانە توانیویانە لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێن و ئاستەنگ و هەلە سیاسییەکان بگۆڕن، لەمەش زیاتر باشتر گونجاون و تایبەتمەندی دەوڵەتیان وەرگرتووە.



هەندێک لەو گرووپانە خاکیان کۆنترۆڵ کردووە، تێکەڵی کاری دیپلۆماتی بوون، لایەنگریان بۆ خۆیان دروستکردووە و گەمەی سیاسی دەکەن. ئەمە لە بری ئەوەی بە شێوەیەکی موجەڕەد سەیری ئەوە بکەن سیستمی دەوڵەتی ئێستا پشت بە چی دەبەستێت، گرووپە غەیرە دەوڵەتییەکان دووبارە ئەو سیستمانەیان داهێناوەتەوە. بەشێک لەم تەحەددییە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە چۆن ئەو هۆکارە دەستنیشان دەکات کە پشتگیری دەگەیەننە ئەم گرووپە چەکدارانە.

سەرچاوە بڵاوکراوەی (مەزەندەکانی ٢٠١٥)

● سەرچاوە: سەنتەری ستراتیژی بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی (CSIS)

و سیمای تەنگژە ناوخۆییەکانی پێوە دیار دەبێت، بەڵام گرنگە هەنگاوی جددی هەڵبگرن لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکە نییە.


ئەگەر سەرنج لە کەسێکی وەك جۆن مالکۆمالین بدەین کە ساڵانێك بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا بووە، هەست دەکەین شێواز و ڕێگە چارەی کێشەکان چەند ئاستەم بووە، هەروەها هەست دەکەین ئەمریکاش لە بەردەم کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن دەستەوەستان بووە، لەناو ئەم گێژاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیا یەك سەرۆك هەیە کە توانیویەتی نەك هەر تەنیا بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر بەرەی شەڕ لە دژی تیرۆریستانی داعش بپارێزێت و تێکیانبشکێنێت، لە هەمانکاتدا وڵاتەکەشی لە بارێکی ئاساییدایە و بۆتە پەناگەی ئارام بۆ ئاوارەکانی شەڕی داعش لە ناوچەکە و زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی عێراق و سوریای حەواندۆتەوە، شێوازی سەرکردایەتی سەرۆك مسعود بارزانی لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە دژی تیرۆریستانی داعش، سەرەتا لە ناوەندە سەربازییەکانی ڕۆژئاواو ئەمریکا وا سەیر دەکرا، ئەگەر یارمەتی لۆجیستی و سەربازی بە هەر هێزێکی لۆکاڵی ناوچەکە بدرێت، هەمان ئەو سەرکەوتنانەی لە ژێر سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی بەدیهاتوون، دەتواندرێت دووبارە بکرێتەوە، ئەم بۆچوونە لەسەر ئاستی ڕۆژئاوا و هەروەها لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ناوچەکە بوونی هەبوو، بەڵام هەر زوو ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و ژوورەکانی وەزارەتەکانی بەرگری، خۆیان دانیان بەو ڕاستییەدا نا، بەوەی ناتواندرێت سەرکردایەتی سەرۆك مسعود بارزانی لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دووبارە بکرێتەوە، بەتایبەتی کە دوای سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە گرتنەوەی سەدەی موسڵ و چیای شنگال، هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی لە تکریت و ڕوومادی هەمان سەرکەوتن دووبارە بکرێتەوە، بەڵام وەك بینیمان هەموو سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و بە هاوکاری ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران نەیانتوانی ماوەی ١٩ ڕۆژ بچنە ناو شاری تکریت، لە ڕوومادیش نەك هەر نەیانتوانی ڕووبەڕووی داعش ببنەوە، بەڵکو شاری ڕومادیش کەوتە دەست داعش و هێندەی کەوتنی موسڵیش جارێکی دیکە چەك و تەقەمەنی کەوتە دەست تیرۆریستانی داعش.

کەواتە پرسی ڕووبەڕووبوونەوە و سەرکردایەتیکردن لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و تەواوی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکە لە پاکستانەوە تا نەیجیریا،

# ئایندەی هێزی سەربازی

جۆزیف نای

لە کۆڕبەندی سالانەی داڤۆس ٢٠١٥، لەو پەنێلە کە بۆ سەرکردەکانی بەرگری ڕێکخرابوو بەشداریم کرد. ئەو پرسەی لەو پەنێلە باسمان لێوە کرد، تەنیا یەک تەوەر بوو: ئایا جۆری ئەو شەڕە چۆنە کە پێویستە ئەمڕۆ سوپای بۆ ئامادە بکەین بۆ ئەوەی بتوانێت شەڕ بکات؟ سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دیارە حکومەتەکان کاتێک دێنە سەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تۆمارێکی ڕەشیان هەیە، هەر بۆ نموونە دوای شەڕی ڤێتنام، سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەی لە بارەی ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبووان فێری بوو، ئەو دیاردەیە بوو کە لە عێراق و ئەفغانستان بۆ شەڕی دژی یاخیبووان پیادەی کرد.



دەستێوەردانە سەربازییەکانی ئەمریکا لە هەر یەک لەو وڵاتانە نموونەیەکی دیکەمان بۆ تەحەددییەکی سەرەکیی دیکەی بۆ شەڕی هاوچەرخ پیشان دەدات، هەروەک ئەوەی چاک هاگلی وەزیری بەرگری پێشووی ئەمریکا ئاماژەی پێکرد: «کاروبارەکان خەریکە لە کۆنترۆڵ دەردەچن، لە ڕێگەلادان و سەرلێتێکچوون وادەکات کە سوپا بە خێرایی پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز بەرێت کە لە سەرەتادا ئەمەمان پێشبینی نەدەکرد».
لەسەر ئەم پاشخانە ئەو بیروبۆچوونەی پێیوایە کە تەنیا بە ڕێگەی هێز دەتوانرێت ئەو کۆمەڵگەیانەی تەنگژە لە بەر یەک هەڵوەشاون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنەکانی تر وەرچەرخانی تێدا بکرێت. ئەمە هەڵەیەکی زۆر مەترسیدارە، بەڵام لە کاتێکدا سوپا و هێز پێویستە، ئەوا ئەمە ناخرێتە دەرەوە، بەڵکو زۆر بە سادەیی دەبێت شێوازی شەڕەکە بکەوێتە چوارچێوەی نەوەیەکی دیکەی شەڕەوە و بەپێی بنەما و پرەنسپی ئەم نەوە نوێیەی شەڕ، دەبێت هێز بەکار بهێندرێت.
لە شەڕی ئێستادا لە نێوان بەرەی سەربازی و بەرەی سڤیلدا ناڕۆشناییەک هەیە و لێک جیا ناکرێنەوە. ئەم وەرچەرخانە خێرایە کە جێگرەوەی شەڕی نێوان دەوڵەتانە بە ڕێگەی تەنگژەی سەربازی لە نێوان کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان، وەک گرووپی یاخیبووان و تۆڕەکانی تیرۆریستان و میلیشیا و ڕێکخراوە مافیاییەکان. پرسی دژوار و تێکهەڵکێشراو لە نێوان ئەم گرووپانە ئەوەیە، هەندێک جار ئەم گرووپانە لەلایەن دەوڵەتێکەوە پشتگیری دەکرێن.
ئەم جۆرە ڕێکخراوانە سوود لەو دەوڵەتانە وەردەگرن کە شەرعییەتیان نییە، یان ئەو توانایەیان نییە خاکەکەی خۆیان بپارێزن. بۆیە تێکەڵەیەک لە پرۆسەی سیاسی و سەربازی پیادە دەکەن، ئەمەش وەک ژەنراڵ روبەرت سیمس لە باکووری ئیرلەندا و ناوچەی بەلکان دەڵێت: «شەڕی

گەورەترین کێشەی دەوڵەتانی هاوپەیمانانی دژی تیرۆریستانی داعش و تیرۆریستانە بەگشتی، بەڵام نە دەتوانن سوپایەکی هاوشێوەی پێشمەرگە لەسەر ئەرز دروست بکەن، نە دەشتوانن وەك مسعود بارزانی سەرکردایەتی بکەن.
لایەنی شاراوەی سەرۆکایەتی مسعود بارزانی لە بەرەکانی دژی تیرۆریستانی داعش، هەروەها سەکردایەتیکردنی وەك سەرۆکی وڵاتێکی دیموکراتی کە رەنگدانەوەی مۆزائیکی نەتەوەیی و ئایینی و رەنگدانەوەی ئازادی رادەربڕین و بیروبۆچوونی سیاسی جیاوازە، سیمای سەرۆکێکی بەهێزی سەرنجڕاکێشی بە شێوازی سەرکردایەتیکردن و کەسایەتی سەرۆك مسعود بارزانی بەخشیوە، ئەم هێزەی رەفتار و لۆژیکی مسعود بارزانی بەرهەمی هێناوە، شێوازێکی تازەی هێزە و رەنگدانەوەی خەسڵەت و ئاکار و رەفتاری پێشمەرگەیە کە ئەو لە تەمەنی ١٦ساڵییەوە فێری بووە.
هەر بۆیە کە کێشەی گەورەی ئێستای جیهان پێناسەی هێز و بڵاوبوونەوەی هێزە لە کاراکتەری دەوڵەتییەوە بۆ کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی، یان هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی تازەی سوپا بۆ ئایندە لە جیهاندا، ئێستا لە چوارچێوەی سەرکردایەتی مسعود بارزانی، چ وەك پێشمەرگەیەك لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و چ

نێوان خەڵک، جۆرێکە لە تێکۆشان، بۆیە زۆر بە دەگمەن دەتواندرێت بە ڕێگەی سوپای تەقلیدی لە گۆڕەپانی شەڕدا بڕیاری لەسەر بدرێت».

ئەم شەڕە تێکەڵە دەبێت کۆمەڵێکی فراوان چەکی تێدا بەکار بهێندرێت، ئەم چەکە هەموویان چەکی ئاگرین نین، بەڵکو کامێرای ناو مۆبایلەکان و فۆتۆشۆپی ناو کۆمپیوتەرەکان و ئەمە بێجگە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بۆتە هۆی کێبڕکێی زانیاری، ئەمانە هەموویان لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم شەڕە تازەیەن و هەروەک چۆن ئێستا لە شەڕی ئۆکرانیا و سووریادا بە تەواوەتی بەکاردەهێندرێن.

لەم لایەنەوە گرووپە تیرۆریستییەکان دان بەوەدا دەنێن بەوە ناتوانن بە شێوەی ڕاستەوخۆ سوپای تەقلیدی تێکبشکێنن، بۆیە هەوڵدەدەن کە دەسەڵاتی حکومەتەکان دژی خۆیان بەکار بهێننەوە، هەروەک چۆن ئوسامە بن لادن هەوڵیدا کە ئیستفزازی ئەمریکا بکات و تووڕەی بکات، ناچاری کرد بە ڕێگەیەکدا بیبات کە متمانەی خۆی تێکبشکێت و هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ جیهانی ئیسلامی لاواز بکات، سەرەنجامیش بڕستی لە سوپاکەی بڕی، دەوڵەتی ئیسلامی داعش ئێستا هەمان ستراتیژیەت دووبارە دەکاتەوە، ئەو ستراتیژییەش تیکەڵکردنی پرۆسەیەکی سەربازی دڕندانەیە لەگەڵ پیادەکردنی شاڵاوێکی فراوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەک بڵاوکردنەوەی وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی لە پرۆسەی لەسێدارەدانی دڕندانە، لە ناویاندا سەربڕینی هاووڵاتیانی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی و خەڵکانی دیکەش. ئەم ڕەفتارانەی داعش بوونە هۆکاری ئەوەی دوژمنانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بکەونە خۆ، بەڵام لە هەمانکاتیشدا بۆتە سەرچاوەی هاندان بۆ ئەوەی ژمارەیەک خەڵکی بێئومێد بە تاک و بە گرووپ بێنە ژێر بەیداخەکەی داعشەوە.

ئەم پێشکەوتنە مەزندەنەکراوەی شێوازی شەڕ بۆتە گەورەترین تەحەددا بۆ پلاندانەرانی بەرگری، بۆ هەندێک دەوڵەتی لاواز، هەڕەشەی ناوخۆیی ئامانجی ڕوونی دیاری کردووە، بۆ ئەم بەشەی کە دەوڵەتانی لاواز ئامانجی دیاریان دەبێت، دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوسەنگییەک ڕابگرێت و بەردەوام بێت لە ناردنی پشتگیری بەردەوام بۆ سوپای تەقلیدی، کە تا ئێستا سوپای تەقلیدی بەرپەرچدەرەوەیەکی یەکلاکەرەوەیە لە ئاسیا و ئەوروپادا، لە هەمانکاتدا پێویستە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە وەبەرهێنان لە کۆمەڵێک تواناى فرواندا بکات، کە تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوای دەکەن، لە کاتێکدا ئەمە گۆڕانکارییە چاوەڕواننەکراوە ڕوویدابێت، ئەوا پێویستە ئەمریکا و هێزە گەورەکانی دیکە، ئامادە بن هەموو شتێک بکەن.


● سەرچاوە: project syndicate

وەك دەوڵەتمەدارێك بۆ پاراستنی ئازادی و فرەیی و پێکەوەژیان، نموونەیەکی تازەی هێزە، ئەم هێزە جیاوازە لەو هێزەی لە شەڕی تێکەڵدا (Hybrid warfare) بەکار دەهێندرێت، هەروەها جیاوازە لەو هێزەش کە ئێستا هاوپەیمانیی ناتۆ و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان بەکاری دەهێنن، لەبەر ئەوەی ئەو چەمکی هێزەی ئێستا جیهان بیری لێدەکاتەوە، بەرهەمی بهێنێت، تەنیا هێزێکە بۆ تێکشکانی تیرۆریستان، بەڵام ئەو هێزەی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی بەرهەمی هێناوە، هێزێکە لە بەرەکانی شەڕ دوژمنان و تیرۆریستان تێکدەشکێنێت، لە دەوڵەتمەداریدا پەرەپێدان و خۆشەویستی و لێبوردەیی بەرهەم دەهێنێت. بە درێژایی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی ١٠٠ساڵی ڕابردوو، هێزی لەو جۆرە تەنیا لەسەر دەستی مستەفا بارزانی و سەرۆکایەتی ئەو ڕابەرە نەتەوەییە بەرهەمهاتووە و ئێستا لە سەدەی بیست و یەکەمدا لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش جارێکی دیکە مسعود بارزانی بەرهەمی هێناوەتەوە، بناخەی دروستبوونی ئەم هێزەش ئاکار و ڕەفتاری پێشمەرگەیە کە سەرۆك مسعود بارزانی لە سەر فیکری بارزانی و بیری نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان درێژەی پێداوە و درێژەی پێدەدا.

# هێزە گەورەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا

جۆن ماكلولين

با هەوڵبدەین لەوە تێبگەین هێزە گەورەکانی جیهان(ئەمریکا، چین، رووسیا و وڵاتانی ئەوروپا)، چۆن سـەیری بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن و ستراتیژیەتی بۆ دادەنێن کە هەرگیز وەک ئێستا تەحەددای یەکتریان نەکردووە. لە ئێستادا پێوەندییەکانی هێز لە سەر ئاستی جیهان لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لـە گێژاوێکی سـەختدایە، لە هەمانکاتـدا خـودی هێزەکانیش لەناو وەرچەرخانێکی قورسدا ململانێ دەکەن. تەنیا شتێک بتوانێت تۆڕی تەنگژە نێودەوڵەتییەکانی ئێستای پێ پێناسە بکرێت، شەترەنجی سێ رەهەندییە، شەش پاڵوی‌ەکی هەمەڕەنگە ( Rubik`s cube)بە ئاسانی تێکدەدەکرێت، بـەڵام ئاڵۆزییەکی زۆر هەموو لایەکی دەگرێتـەوە، لەم حاڵەتەدا کە بە شـێوەیەکی تایبەتی دێینە سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، ئەگەر پەنا بۆ شـتێک بەرین ئەم بارودۆخەی پێ وێنا بکەین، ئەوەیە هەست دەکەین بە ناو پێکدادانێکدا دەڕۆین (barromm brawl)، ئەم پێکدادانە هیچ یاسایەکی نییە، هەر بۆیە زۆر قورسـە بزانین کێ ئەم تەنگژەی دەستپێکردووە؟ کێ هاوپەیمانە لەگەڵ کێدا؟ بە تەواوەتی ئەو پرسە چییە لایەنەکانی هەمووی گۆڕیوە؟ کێ شـەڕ دەکات؟ کێ تەنیا چاودێری دەکات؟ شـکۆ و نفوزی تۆ لە کوێیە و چۆن لەم تەنگژەیە دەردەچین؟ گرنگە کۆنتیکستی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت لە ئاسـتێکی بەرز دیاری بکرێت، هێزە گەورەکان دەبێت بۆ ئەمڕۆ فۆرمەڵەی ستراتیژێک بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەنەوە کە جیاواز بێت لە سـتراتیژیەتی سەردەمی شـەڕی سارد و دوای شەڕی ساردیش.



لە سەردەمانی شەڕی سارد ململانێی راستەوخۆی هێزە گەورەکان لەسەر ئەم ناوچەیە بە شێوەی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ئاسیا چڕ و قورس نەبووە. لەو سەردەمە سەنتەری ململانێکە رووبەڕووبوونەوەی هاوپەیمانیی ناتۆ و هاوپەیمانیی وارشۆ بووە، پاشان رووبەڕووبوونەوەی گۆڕەپانی شەڕەکان بووە، بە شێوەیەکی راسـتەوخۆ، یان ناراسـتەوخۆ بە رێگەی شـەڕی بەوەکالەت وەک ئەوەی لـە وڵاتانی کۆریا و ڤێتنـام بینیمان، بەڵام رووسـیا و چین و ئەمریکا و ژمارەیەک لـە دەوڵەتانی ئەوروپی هەرگیز

## • دەوڵەتی پێشمەرگە

### بۆ پێناسەکردنەوەی بەها و مافەکان

وشـەی پێشـمەرگە، داتاشـراو، یان وەرگیراوی هیچ فەرهەنگێکی سیاسـی و سەربازیی جیهانی نییە، بەڵکو هەڵقوڵاوی راسـتەقینەی ناو فیکـری نەتەوەیی کورد و کوردسـتانییە و وشـەیەکە پڕ بە مانای (کوردستان، یان نەمان) لە ویژدانـی نەتەوەییماندا لەدایك بووە، بۆیە ئەگەر سـەیری مێژووی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستانیش بکەین، بە راشکاوی هەست دەکەین، پرسی بوون بە پێشـمەرگە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە، نـەك ئایدیۆلـۆژی و حزبایەتی، لەمـەش زیاتر ئەگەر دیسـان هەر بۆ مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بگەڕێینەوە، دەبینین رێژەی ئەو کەسانەی وەك رێکخستنی حزبەکان بوون بە پێشـمەرگە، بە بـەراورد بە رێژەی ئەو کەسـانەی بە کاریگەری نەتەوەیی و نیشتمانی بوون بە پێشـمەرگە، رێژەکە ١٪ کەمترە، هەر ئەمەش وایکردووە، هەتا ئێسـتاش لە ناو ناخ و ویژدانـی هەر تاکێکی ئەم کوردسـتانە رایەڵەیەکـی جیاوازی لە نێـوان حزبەکان و پێشـمەرگە هێشتۆتەوە و خەڵك پێشـمەرگە بە پارێزەری کوردسـتان دەزانێت نەك چەکداری حزبەکان، لە مانگی ئابی رابردووشدا و لەسەر پرسـی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان، جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان

لە چوارچێوەی چەمکی گەمەی کۆی سفر ( zero– sum ) سەیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان نەکردووە. ئەم دینامیکیەتە ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لەگەڵ میسر و لیبیای سەردەمی عەبدولناسر و قەزافی، بەتایبەتی لە کڕینی چەک و لە کێشەی نێوان عەرەب – ئیسرائیلدا. دوای ئەوەی شەڕی سارد کۆتایی هات، دوای ئەوەی چەندین یەکە ململانێیەکی جیهانی لەسەر ئەم ناوچەیە هەبوو، ئەم ململانێیە لە نێوان هێزە گەورەکان نەما و هێزە گەورەکان جارێکی دیکە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی نیشتمانی خۆیانەوە پێوەندییەکانیان بە شێوەیەکی دووقۆڵی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە دامەزراندووە.

قۆناخێکی دیکەی پێوەندیی نێوان هێزە گەورەکان لەگەڵ تەنگژەی دارایی جیهان لە ٢٠٠٨ دەست پێدەکات، لەم تەنگژەیەدا ئەمریکا متمانەی لاواز بوو، لە هەمانکاتدا ڕووسیا زیاتر پێی داگرت و هەستی چین بۆ تەحەددیکردنی هەژموونی نێودەوڵەتی ئەمریکا گەشەی کرد. لەکاتیکدا هێزە گەورەکان لەگەڵ ئەم دینامیکیەتە تازەیە خۆیان گونجاندبوو، سێ ڕووداوی گەورە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەژاند، ئەم هەژانە سروشتی ناوچەکەی گۆڕی، هەروەها ئەو مەرجانەشی گۆڕی کە هێزێکی دەرەکی لە کێشەکاندا دەستێوەردان بکات، ئەو سێ ڕووداوەش بریتی بوون لە:

١– شەڕی عێراق جەمسەربەندی لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە دروستکرد و ئەم جەمسەربەندییەش پێوەندیی نێوان هێزە دەرەکییە گەورەکانی ئاڵۆز کرد.

٢– توندڕەوی ئیسلامی زیاتر لە ناوچەکە ڕەگی داکوتا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی هێزە گەورەکان دابەش بکات، بەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیە بکرێت و بەرپەرچ بدرێتەوە.

٣– ناوچەکە ڕووبەڕووی وەرچەرخانێکی گەورە بووە، ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، ئەم ڕووداوە هەر ئەوەندە نەبوو گۆڕانکارییەکی ناوخۆی نێو ئەو وڵاتانە بێت، بەڵکو گەلێک کەسایەتی و دامەزراوەشی گۆڕی کە پێشتر وەک کەناڵێک وابوون کە ساڵەها بوو خزمەتی هێزە دەرەکییەکانیان دەکرد.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پاشخانە ستراتیژییە مێژووییە ئاڵۆزەدا، ئەوا پێویستە هێزە گەورەکان سیاسەتی خۆیان بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فۆرمەلە بکەنەوە، لەم حاڵەتەدا ئەوە جێگەی سەرسوڕمان نابێت، ئەو سیاسەتانە سیمای هاودژی و لادانی دووبارە بووەوە و تەنگژەی ناوخۆیی پێوە دیار بێت.

● سەرچاوە: بڵاوکراوەی سەنتەری ستراتیژی بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی CSIS

نامەی ئاڕاستەی حزبەکان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەت کرد، بۆ ئەوەی سازان بکەن و پرسە سیاسییەکان تێکەڵی هێزی پێشمەرگە نەکەن، ئەم هەڵوێستەی پێشمەرگە ڕای گشتی بەو ئاراستەیە برد، کە جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماندەوە، پێشمەرگە هەتا ئەگەر لە باردۆخێکی تایبەتیشدا وەك ئینتیما سەر بە هێزێکی سیاسی بێت، ئەوا لە کاتە چارەنووسسازەکاندا تەنها ئینتیمای بۆ کوردستان و خاکەکەی هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە ناکرێت ناوێکی داتاشراو بکرێتە هاوتای ناوی بەرزی پێشمەرگە، لەبەر ئەوەی کاتێك هەر کەسێك بە درێژایی مێژوو بڕیاری دابێت ببێت بە پێشمەرگە، یان لە ئێستادا کە خۆبەخشانە دەبنە پێشمەرگە، بێجگە لە کاریگەری هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی، کاریگەری هیچ حزبێکی سیاسی لەسەر نییە، با ئەو کەسە ئەندامی یەکێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش بێت، بۆیە بڕیاردان بۆ بوون بە پێشمەرگە لە سادەترین پێناسەدا واتە بڕیاردان بە هەنگاوێك دوورکەوتنەوە لە ئایدیۆلۆژیەتی حزبی و زیاتر جەختکردنەوە لە سەر ئینتیما بۆ خاك و کوردستان، هەربۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی هەر لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی- یەوە تا دەگاتە ئێستا، ڕاستە گرووپ و هێز هەبوون توانیویانە بە شێوازی میلیشیایی، یان شەڕی پارتیزانی ئیمپراتۆریەتێکی وەك

**تۆماس فریدمان گوتەنی دەوڵەتی هاوچەرخی جیهان کە پێویستە لە دایک بێت، ئەو دەوڵەتەیە (سوپایەکی هەبێت، تیرۆریستان تێکبشکێنێت، سەرۆکێکی هەبێت بەهێز و لێبوردە بێت، ئەوا دەبێت جیهانیش مامانی لەدایکبوونی ئەو دەوڵەتە بێت) ئێستا پێشمەرگە سەلماندوویەتی ئەو سوپایەیە کە دەتوانێت تیرۆریستان لە سەر ئەرز تێکبشکێت، سەرۆکەکەی کە مەسعود بارزانی-یە پاپای فاتیکان و مەرجەعی شیعە و سوننە و یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا شاهیدی بۆ دەدەن بڕوای بە لێبوردەیی و پێکەوەژیان هەیە**

ڕۆما بڕووخێنن، ڕاستە گرووپ و میلیشا هەبوون توانیویانە هەموو شارستانیەتی ڕۆژئاوا بخەنە مەترسییەوە، بەڵام نەتوانراوە هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە بەرهەم بهێندرێت، تەنیا لە کوردستاندا نەبێت. واتە هێزێك لە سەر بنەمای ئاکار و فیکرێکی ئەوتۆ دروست بووبێت کە بتوانێت پێناسەی دۆست و دوژمن بکات و لێکیان جیابکاتەوە.. هێزێك بە دوای تۆڵەسەندنەوەدا نەبێت و گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان دروست بکات، بەڵام لە بەرامبەردا ئەگەر سەیری ئەو گرووپە چەکدارانە بکەین کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی شەڕی پارتیزانییان کردووە، هەموویان لە دوای سەرکەوتن کاولکارییان بەرهەم هێناوە و خۆشەویستی نێوان ئایین و نەتەوەکانیان لەناو بردووە. هەر بۆ نموونە ماندێلا نموونەی یەکێك لە سەرکردە ئاشتیخوازەکانی جیهانە، بەڵام ئەو هێزەی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا) بە سەرۆکایەتی ماندێلا بەرهەمی هێنا، هێزێك نەبوو خەسڵەتی پێشمەرگەی هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ماندیلا نەیتوانی گیانی لێبوردەیی لەناو ئەو هێزە دروست بکات. زۆربەمان ژیاننامە و

ئەو فیلمانەمان بینیوە کە لەسەر ژیانی ماندێلا بەرهەم هێنراون، دەبینین ماندێلا کە خۆی بڕوای بە ئاشتی بوو، بەڵام هێزەکەی و خەڵکەکەی بڕوای بە تۆڵەسەندنەوە و کاولکاری بوو، تەنانەت بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی سەربگرێت لە باشووری ئەفریقیا، ناچاربوون سەرکردە پارتیزانەکان لە ژیانی سیاسی و سەربازی دوور بخەنەوە، بەڵام ئەگەر سەیری ڕەفتار و ئاکاری پێشمەرگە بکەین، دەبینین نەك هەر بەرامبەر نەتەوەی عەرەب، بەڵکو بەرامبەر ئەو سەربازانەی لە ١٩٩١ کەوتنە دەست خەڵك و پێشمەرگە، بەبێ ئەوەی هێشتا بڕیارێکی سیاسی لە بەرەی کوردستانییەوە دەرچووبێت، خەڵك و پێشمەرگە خۆڕسکانە نەك هەر ئازاری نەدان، بەڵکو هاوکاری کردن و بە سەلامەتی ناردیانەوە بۆ لای کەسوکاریان، ئەمە لە کاتێکدا بوو تەنها سێ ساڵ پێش ئەم ڕووداوە ڕژێمی بەعس پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی لە کوردستان پیادە کردبوو، هاوکات زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و شار و شارۆچکەی کوردستانی لەگەڵ زەوی تەخت کردبوو، ئەگەر دڕندەیی بەعس لەگەڵ دڕندەیی ر ژ ێمی



ئەپارتاید بەراورد بکەین، ئەوەی رژێمی بەعس بە کورد و کوردستانی کرد، ئەپارتاید بە رەشپێستەکانی باشووری ئەفریقیای نەکردبوو.

گەڕانەوە بۆ ئەم باکگراوندەی ماناو پێناسەی پێشمەرگە، بۆ ئەوە بوو، مانا و پێناسەی پێشمەرگە لە گەڵ مانا و پێناسەی گرووپە پارتیزانەکانی دیکە ئەوجا هەر ناوێکیان هەبێت، تێکەڵ نەکەین، پێشمەرگە مانا و ناسنامەیە بۆ ئەو کورد و کوردستانییەی لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا رێگەی کوردستان، یان نەمان هەڵدەبژێرێت، کاتێك کوردستانیش سەربەخۆ بێت، ئامانجی پێشمەرگە ئەوەیە کە گەل خۆی دوور لە ئایدیۆلۆژیەتی حزبە سیاسییەکان وڵاتی خۆیان بەڕێوەبەرن، هەروەك چۆن لە بەرهاری ١٩٩١ دوای ئازادکردنی کوردستان مسعود بارزانی وەك پێشمەرگەیەك و سەرۆکی ئەو کاتی بەرەی کوردستانی داوای کرد، گەل خۆی بڕیار بدات و هەڵبژاردن بکرێت و یاسا سەروەر بێت. ئەمەش مانای ئەوەیە لە مانا و پێناسەی پێشمەرگەدا شتێك نییە بە ناوی دەسەڵاتی سەربازی، یان عەسکەرتاری، یان خۆسەپاندنی حزبی، هەر کاتێك ئەم دیاردەیە لە کوردستان بوونی هەبووبێت، خەڵك نەیوستووە ببێتە بەشێك لە عەسکەرتاری خۆسەپاندنی حزبی، باشترین نموونەش لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو کورد و کوردستانییەکان بڕیاریاندا بەشداری لە شەڕی عێراق –ئێران نەکەن، نزیکەی ١٠٠ هەزار سەربازی کوردستان شارەکانیان بەجێهێشت و چوونە چیاکان، بەڵام لەبەر ئەوەی هەلومەرجی هەشتاکان ناسنامەی حزبی بە پێشمەرگە دەدات، تاك و تەرا نەبێت کەسیان نەبوون بە پێشمەرگە، بەڵام لە شۆڕشی ئەیلولدا کە ئەو دیاردانە بوونی نەبووە، بوون بە پێشمەرگە دوو شێواز بوو، زیاتر لە ١٠٠ هەزار لاوی کورد خۆبەخشانە وەك پیشە پێشمەرگە بوون، ئەوەندەی دیکەش کە دانیشتووانی ناوچە ئازادکراوەکان بوون، خۆیان رێکخستبوو وەك هێزی بەرگری و پێشمەرگەی خۆبەخش لە کاتی شەڕ و هێرشی دوژمندا هاوکاریی هێزی پێشمەرگە بکەن.

لە ئێستاشدا کە پێشمەرگە لە شەڕێکی جیهانی و قورسدایە بەرامبەر دڕندەترین تیرۆریست لە جیهاندا و ئاستی دڕندەیی داعش زۆر زیاتر لە ئەلقاعیدەشی تێپەڕاندووە، بەڵام هەتا ئێستا پێشمەرگە سووکایەتی بە کوژراوەکانی داعش، یان سووکایەتی

**دەوڵەت لە فەرهەنگی سیاسیی رۆژئاوادا، واتە چوارچێوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی ئازادی و خۆشگوزەرانی و دەستپێکردنی قۆناخێک جیاواز لە قۆناخی پێش دروستبوونی دەوڵەت. هەر بۆیە مێژووی دەوڵەت لە رۆژئاوا لەگەڵ دەرکەوتنی رێنیسانس و ژیانەوە و کۆتاییهاتنی سەدەکانی ناوەڕاست دەستپێدەکات**



بـه ديلەكانى داعش نەكردووە، لە بەرامبەریشـدا هەموو جيهان دەبينێت، داعشى تيرۆريست چۆن مامەڵە لەگەڵ كـورد و كوردسـتانييەكان دەكات و چـۆن بە بەرچاوى كامێراكانەوە پێشمەرگە سەردەبڕێت.

لە ئێستادا و لە سايەى سەرۆكايەتيكردنى پێشمەرگەيەك كە ئەويش سـەرۆك مسـعود بارزانى-يە، كوردستان وەك كەسـايەتێكى مەعنەوى نێودەوڵەتـى بە هاوتاى مانا و ئاكارى و ئازايەتى پێشمەرگە سەير دەكرێت. راشكاوانەتر وەك دەوڵەتێـك لـە چوارچێوەى بەهاكانى پێشـمەرگە مامەڵەى لەگـەڵ دەكرێت و سـەيردەكرێت، ئەمەش لە نوێنەرايەتيكردنى سەرۆكەكەمانە كە خۆى پێشمەرگەيە. مسـعود بارزانى ئەو بەو جۆرە نوێنەرايەتى پێشمەرگەى كردووە لە سـەر ئاستى جيهان و كۆمەڵگەى نێودەوڵەتى بەوەى (پێشـمەرگە واتە بەها و ئـاكارى مرۆڤايەتى) هەر بۆيە كاتێك كە پێشوازيشـى لێدەكرێت، بەتايبەتى لە ناوەندەكانى فيكر و لێكۆڵينەوە، بەوجۆرە بە ئامادەبووانى دەناسـێنن: «مسـعود بارزانى پێشـمەرگەيە و كليلى رۆژهەڵاتـى ناوەڕاسـتە و هەموو رێگـەكان دەچنەوە لاى ئەو»، ئەمەش ماناى ئەوەيە پێشـمەرگە دەتوانێت گرێكوێرەى ديموكراتـى و لێبووردەيى و پێكەوە ژيان لە رۆژهەڵاتى ناوەڕاسـت بكاتەوە، كە نەك هەر لە ئێستادا، بەڵكو لە مێژووى رابردووشـدا ئەم كەلتوورە لە بەشـى زۆرى وڵاتانى رۆژهەڵاتى ناوەڕاست بوونى نەبووە.

## ● دەوڵەتى كوردستان

## سەرەتای شۆڕشی چوارەم لە جیهاندا

دەوڵـەت لـە فەرهەنگى سياسـيى رۆژئـاوادا، واتە چوارچێوەيەك بۆ بەرهەمهێنانى ئازادى و خۆشگوزەرانى و دەستپێكردنى قۆناخێك جياواز لە قۆناخى پێش دروستبوونى دەوڵەت. هەر بۆيە مێـژووى دەوڵەت لە رۆژئاوا لەگەڵ دەركەوتنى رێنيسانس و ژيانەوە و كۆتاييهاتنى سەدەكانى ناوەڕاست دەستپێدەكات. مێژووى دەوڵەت لە كۆتاييهاتنى شـەڕى ناوخۆوە دەستپێدەكات، بۆيە مێژووى دەوڵەت لە دەوڵەتى ليڤاسـانى تۆماس هۆبزەوە دەسـتپێدەكات كە توانى كۆتايى بە شەڕى سى ساڵەى ناوخۆى بەريتانيا بهێنێت، لەمەش زياتر دەوڵەت لە ليڤاساندا واتە گۆڕينى ئاژاوە بۆ سـەقامگيرى، گۆڕينـى نانيزامى بۆ نيزام، گۆڕينى تواناكانى خۆكوژى بۆ هاريكاريكردن و پێكەوە ژيان، بەڵام لەبەر ئەوەى بەردەوام كۆمەڵگە لە پێشكەوتن و گۆڕانـكارى بووە، ئەركەكانـى دەوڵەت گۆڕانكارى بەسـەردا هاتووە، بۆيە لە بەر رۆشـنايى پێشـكەوتنى فيكرى سياسيدا شێوازێكى ديكەى دەوڵەت داهێنراوە، كە دەوڵەتى مەدەنى و دەستوورى جێگەى ليڤاسان بگرێتەوە، دەسـتوور مافى پادشا و هاووڵاتيان ديارى بكات و ئەم دەوڵەتە كە بەرهەمى فيكـرى جۆن لۆك و بيرمەندانى ديكەى سـەدەى هەژدەمە بە شۆڕشـى دووەم لە قەڵەم دەدرێت، لەم دەوڵەتـەدا باجێكى زۆر وەردەگيرا بەرامبەر خزمەتگوزارييەكى كەم، ئەمەش وايكرد ديسـان دەوڵەت نەبێتە چوارچێوەيەك بۆ ئازادى و خۆشـگوزەرانى، بۆيە بيرمەندان لە سەدەى نۆزدەم شێوازێكى ديكەى دەوڵەتيان داهێنا كە ئەويش دەوڵەتى خۆشـگوزەرانييە، ئەمەش ئەو شـێوازەيە كە هەتا ئێسـتا لە رۆژئاوا و بەشێكى زۆرى جيهـان پيادە دەكرێـت، بەڵام لە كۆتايـى حەفتاكانى سەدەى بيستەمەوە هەتاوەكو ئێستا، هەست بەوە كراوە، ئەم مۆديلەى دەوڵەت ناتوانێت وەڵامى خواستەكانى كۆتايى سەدەى بيستەم و سەدەى بيست و يەكەم بداتەوە. بێگومان ئەگەر سەيرى مۆديلى ئەو دەوڵەتەى ئێستا بكەين، هەست دەكەين ناتوانێت كێشـەكانى مرۆڤايەتى چارەسەر بكات، تەنانەت لەسەر ئاسـتى يەكێتى ئەوروپا كە بە نموونەى دەوڵەتى پێشكەوتوو دادەنرێت، هەست دەكەين بڕيارەكانى برۆكسل لە شەقامى سياسـى هەر دەوڵەتێكدا بە باشى پێشـوازى لێناكرێت و رۆژ لە دواى رۆژ دژايەتيكردنى جيهانگەرايـى و يەكێتى ئەوروپا لـە زيادبووندايە، لە دواى راپەڕينەكانى بەهارى عەرەبى و پێشـكەوتنى بێ وێنەى تەكنەلۆژيا و راگەياندنى خەلافەتى ئيسـلامى داعش، ئێسـتا گەيشـتۆتە ئەوەى بيرمەنـدان جارى شۆڕشـى چوارەم بدەن، بۆ ئەمەش لە ساڵى ٢٠١٤ هەر بە ناونيشـانى شۆڕشى چوارەم لەلايەن ئەدريان وۆلدريج و جۆن مايكلوايت، سەرنووسـەر و بەڕێوەبەرى نووسينى گۆڤار ئيكۆنوميسـت لـە بەريتانيا بـڵاو كراوەيە، ئەم كتێبە سـيماكانى ئەو دەوڵەتە ديارى دەكات كە دەتوانێت وەڵامى تەحەدييەكانى ئێستا بداتەوە، ديارە لە ئەمريكاش ماوەى دە سـاڵ زياترە فرانسـيس فۆكۆياما كار لەسەر ئەوە دەكات، بۆچى ئەم شێوازەى دەوڵەتى ئێستا ناتوانێت كاربـكات؟ بۆچى هەمـوو دامـەزراوەى دەوڵەتەكانى جيهـان، وەك دامەزراوەكانى دانيمـارك كار ناكەن؟ بۆ ئەمەش فۆكۆياما لە ٢٠١١ كتێبى (بنەچەى سيستمى سياسـى) دەركـرد و لە ٢٠١٤ ش كتێبى (سيسـتمى سياسـى و گەندەڵيى سياسـى) دەركرد، ئەم دوو كتێبە لە بنەڕەتدا هەوڵێكە بۆ راسـتكردنەوەى ئەو پرۆسـەى ئەمريـكا ناوى لێناوە (بونيادنانى دەوڵەت) ئەمەش واتە بۆچى ئەو دەوڵەتانەى ئەمريـكا بونياديان دەنێتەوە، بۆ نموونە عێراق و ئەفغانسـتان دەبنە سەرچاوەى هەڕەشە بۆ مرۆڤايەتى؟ بۆيە ئەم سـێ كتێبە بە شێوەيەكى زۆر تايبەتى هەوڵێكن بۆ پێناسـەكردنەوەى ئەو دەوڵەتەى كە ئێستا جيهان پێويستيەتى، دەوڵەتێك بتوانێت ئەم ئەركانە جێبەجى بكات:

**پێشمەرگە مانا و ناسنامەیە بۆ ئەو کورد و کوردستانییەی لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا ڕێگەی کوردستان، یان نەمان هەڵدەبژێرێت، کاتێک کوردستانیش سەربەخۆ بێت، ئامانجی پێشمەرگە ئەوەیە کە گەل خۆی دوور لە ئایدیۆلۆژیەتی حزبە سیاسییەکان وڵاتی خۆیان بەڕێوەبەرن**

**ماندێلا نموونەی یەکێک لە سەرکردە ئاشتیخوازەکانی جیهانە، بەڵام ئەو هێزەی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا) بە سەرۆکایەتی ماندێلا بەرهەمی هێنا، هێزێک نەبوو خەسڵەتی پێشمەرگەی هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ماندێلا نەیتوانی گیانی لێبوردەیی لەناو ئەو هێزە دروست بکات**

**پرسی ڕووبەڕووبوونەوە و سەرکردایەتیکردن لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و تەواوی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکە لە پاکستانەوە تا نەیجیریا، گەورەترین کێشەی دەوڵەتانی هاوپەیمانانی دژی تیرۆریستانی داعش و تیرۆریستانە بەگشتی، بەڵام نە دەتوانن سوپایەکی هاوشێوەی پێشمەرگە لە سەر ئەرز دروست بکەن، نە دەشتوانن وەک مسعود بارزانی سەرکردایەتی بکەن**




١. فۆكۆیاما دەڵێت: گرووپی تیرۆریستانی داعش بەهێز نین، بەڵكو دەوڵەتانی ناوچەكە لاوازن، هەر بۆیە دەبێت ئەم شێوازەی ئێستای دەوڵەت بگۆڕێت بۆ شێوازێك كە دەوڵەت بتوانێت خاكەكەی بپارێزێت.

٢. ئێستا بە شێوەیەكی گشتی هەموو دەوڵەتانی جیهان بە ئەوروپا و ئەمریكاشەوە، دەوڵەتانێكن ژینگەكەیان لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی بە هەموو جۆرەكانیەوە، نەك بەرهەمهێنانی توندڕەویی ئیسلامی سیاسی، بۆیە دەبێت دەوڵەتی تازە، ژینگەیەكی هەبێت توندڕەوی بەرهەم نەهێنێت.

ئەم دوو خاڵە بۆ دەوڵەتی تازە لە جیهاندا، كە دوو خاڵی زۆر گرنگن، ئێستا بێ ئەوەی كوردستان بە فەرمی دەوڵەت بێت، ئەو دوو خاڵەی فەراهەم كردووە، لەم دوو خاڵەدا خەریكە جیهان بە باشی هاوكاریمان دەكەن و دەشزانن پاراستنی ئەم دووخاڵە پێویستی بە سەرۆكێكی بەهێزی وەك مسعود بارزانی هەیە، ئەمەشیان نەشاردۆتەوە و بە جیهانیان ڕاگەیاندووە، بۆیە لە سەر بنەمای ئەم دوو خاڵە گرنگە هەنگاو بۆ خاڵەكانی دیكەی دەوڵەتی تازەی جیهان هەڵبگرین، كە دۆزینەوەی كۆدی پەرەپێدانی دیموكراتی و هەڵسووڕاندنی دامەزراوەكانە، ئەم دەوڵەتە تازەیە كە دەبێتە نموونەی یەكەم دەوڵەتی هاوچەرخ لە جیهاندا، بە پلەی یەكەم پێویستی بە پاراستنی ئەو دوو خاڵەیە و پاشان هاوكاری نێودەوڵەتی، تۆماس فریدمان گوتەنی دەوڵەتی هاوچەرخی جیهان كە پێویستە لە دایك بێت، ئەو دەوڵەتەیە (سوپایەكی هەبێت، تیرۆریسیتان تێكبشكێنێت، سەرۆكێكی هەبێت بەهێز و لێبوردە بێت، ئەوا دەبێت جیهانیش مامانی لەدایكبوونی ئەو دەوڵەتە بێت) ئێستا پێشمەرگە سەلماندوویەتی ئەو سوپایەیە كە دەتوانێت تیرۆریستان لە سەر ئەرز تێكبشكێنێت، سەرۆكەكەی كە مەسعود بارزانی-یە پاپای فاتیكان و مەرجەعی شیعە و سوننە و یەكێتی ئەورپا و ئەمریكا شاهیدی بۆ دەدەن بڕوای بە لێبوردەیی و پێكەوەژیان هەیە، بۆیە ئێستا كاتی ئەوەیە هەموو حزبە سیاسییەكان و تەواوی خەڵكی كوردستان پشتیوانی ئەو سوپایە بكەن كە پێشمەرگەیە، لە دەوری ئەو سەرۆكە كۆببنەوە كە مسعود بارزانی-یە، بۆ ئەوەی مانای ئەم دەوڵەتە لە جیهان بگەیەنین و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بكەینە مامانی لەدایكبوونی. ئەم دەوڵەتەش تەنها خەونی كورد و كوردستانییەكان بەدیناهێنێت، بەڵكو دەبێتە داهێنان و خزمەتێكی گەورە بۆ مرۆڤایەتی كە نزیكەی چڵ ساڵە هەموو بیرمەندانی جیهان بە دوایدا دەگەڕێن و دەیانەوێت دەوڵەتێك لە دایك بێت، وەڵامی خواست و تەحەددییەكانی مرۆڤایەتی بداتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستپێكی مێژوویەكی نوێیە كە لوولەی تفەنگی پێشمەرگەوە بۆ جیهانی دەنووسێتەوە.

# ئەرکی ڕۆشنبیر



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

لــە ئامێزی، ئــەوەی لە ناوەڕاســتی ســەدەی ڕابردوودا پێــی دەگوتــرا گرفتــی «هەقیقــەت و ئایدیۆلۆژیا»، ڕۆشــنبیر ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی هۆشــی چەواشــە و ڕووبەڕووبوونەوەی قۆرخی هزری خستە ئەستۆی خۆیەوە، ئەویش بە ئامانجی گۆڕینی هۆشــیاریی خەڵك و «بڵاو کردنەوەی زانست لە نێو ئەواندا».

ئیدی لە ســەر ئەم بنەمایە، جیاوازییەك دەکرا، لە نێوانی ئایدیۆلۆژیایەکی ڕاســت کە بە گوێرەی مێژوو دەڕوات و ئایدیۆلۆژیایەکــی دی، کە پێچەوانەی مێــژوو و دژ بە لۆژیکی ئەویش بوو. جا بەم جۆرە هەڵوێســتی ڕۆشنبیران پۆلێن دەکرا، بە گوێرەی جیاوازیی ئایدیۆلۆژیا و ئەو بیرەی باوەڕیان پێی بوو.

هەڵبەت ئەو شڵەژانەی دووانەی (هەقیقەت/ ئایدیۆلۆژیا) ی گرتەوە، هەروەها پووکانەوەی خودی ئایدیۆلۆژیاشی بە دوای خۆیدا هێنا، وای کرد جیاوازیی نێوان ڕۆشــنبیران لە بارەی چەندین هەقیقەتی دیاری کراوەوە نەبێت و نەمێنێت، بەڵکــوو جیاوازییەکــەی نێوانــان گەیشــتووەتە کەناری پێکهاتەی هەقیقەت و سیســتەمی بەرهەمهێنانی. ئێستا ڕۆشــنبیران جیاوازییان لە نێواندایە، نەك لە بارەی ڕاست و دروســتیی پرسەکانەوە، بەڵکوو لە بارەی ئەو گوتارانەی بە دەوری هەقیقەتەوە گرێدراون دەبەســتن، لە بارەی پێوەرەکانی هەقیقــەت و ڕێکاری گەیشــتن بە هەقیقــەت، لە بارەی سەکۆکانی هەقیقەت و فەزاکانی بەرهەمهێنانیەوە.

پوختــەی قســە، وەك (فۆکۆ) ڕوونی کــردەوە، ململانێی کەلتووریــی ئەمڕۆ بــە دەوری بڕیاردانی سیســتەمێکی دیاری کــراو بۆ بەرهەمهێنانی هەقیقەت، دەخولێتەوە. ئەوە ململانێیەکــە لە نێوان ئەوانــەی دەیانەوێ ئەوە لە هۆش و زەینی خەڵك بچەسپێنن، کە هەقیقەت زادەی ئەم سەرزەمینە نییە، بەڵکوو لە دێرزەمانەوە گوتراوە، نە داگیردەکرێت و نە ڕاشدەماڵدرێ، بەڵکوو تازە بە تازە درکی پێ دەکرێت، ئیدی هەقیقەت لەوانەشەوە وەردەگیرێت، کە مافی گواستنەوەی ئەویان هەیــە. ململانێیەکە لە نێوانی ئەوانە و خەڵکانێکی دیکەیە، کــە دەیانەوێ ڕوونی بکەنەوە کــە هەقیقەتەکان پــاك و بێگەرد نیــن، بەڵکوو ئەوان زەمــان لەوتاندوونی، تێکەڵ بە پۆخڵەواتی کردوون، وابەســتەی مێژووشن. ئەوان (هەقیقەتــەکان)، بە زۆری هەڵەن و ڕاســت کراونەتەوە، لە یەکەمین بەرەبەیانیشــدا خۆ نانوێنــن، بەڵکوو بە خورتی دەپچڕێن، لە نێو نائارامی و تەگەرە و ئاستەنگ و لەمپەردا، ڕێــی خۆی دەکاتەوە و دەیبڕێ. هەقیقەت زادەی شــەڕ و ئــازارە. وچان نادات و خەریکی ســارێژکردنی برینەکانی خۆیەتی، هەروەها خۆی ڕاست دەکاتەوە، لە پێداچوونەوە بە ئامرازەکانی لە بێژنگدان و پێوەرەکانی ڕاستگۆیی خۆی و میتۆدی توێژینەوەشی وچان نادات.

لــە هەمووشــی گرنگتر ئەوەیە، پرســەکە ئیــدی تێزی ئەپیســتمۆلۆژی تێپەڕێنــێ بــۆ ئەوەی بگاتــە مەرجی ئەپیســتیمی، کە نەك هەر پێوەندیــی هەقیقەت بەوەی کە هەو نییە، ڕەچاو دەکات، بەڵکوو تێکڕای ئەو ڕێســایانەش ڕەچــاو دەکات، کە لە نێو کۆمەڵــدا کاری هەقیقەتیان پێ ڕایی دەکرێت.

چیدی هەقیقەت «کۆی ئەو شــتانە نییە کە دەبێ ئاشکرا بکرێن و بدۆزرێنــەوە، واش لە ئەوانی دی بکەین قبووڵیان بکەن»، بەڵکوو هەقیقەت بریتییە لە «کۆی ئەو ڕێسایانەی دەکرێ، بە گوێرەی ئەوان هەقیقەت و ناهەقیقەت لە یەکدی جــودا بکەینەوە، دەســەڵاتێکیش بە هەقیقــەت بدەین، کە کاریگەرییەکی تایبەتی هەیە».

ئیدی بە گوێرەی ئەم ڕەوشــە، ئەرکی ڕۆشنبیر نییە خەڵك بهێنێتــە ســەر باوەڕهێنان بە چەنــد هەقیقەتێکی دیاری کراو، هەروەهــا «بڵاوکردنەوەی هۆشــیاری لە نێویاندا» و ڕاســتەڕێیان پێ پیشــان بدات، بەڵکــوو ئەرکی ئەوەیە سیســتەمی بەرهەمهێنانی ئەو هەقیقەتــەی تێیدا دەژین، بگۆڕێ. ئەمەش واتای ئەوەیەکە، ئەرکەکە تەنیا پەیوەست نییە، بە ڕۆڵــی لۆژیکانە، کە پێوەرەکانی ڕاســتگۆیی و گونجــاوی دیــاری دەکــەن، هەروەها نەك بــە ڕۆڵێکی ئەپیستمۆلۆژی، کە «ڕێســاکانی میتۆد» دیاری دەکەن، نەك بە ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیانەش، کە «باوەڕی ئەوی دی بە درۆ دەخاتەوە»، نەك بە ڕۆڵی ڕەوشــتییانەش، کە ڕێنمایی خەڵك دەکات، نەك بە ڕۆڵی وەعزەدەریش، کە ڕێ پیشــانی خەڵك دەدات، بەڵکوو ڕۆڵی ڕۆشنبیر لەوەدایە، ڕۆڵی ئەوەیە، کە چاودێریی «سیاســەتی هەقیقەت» بکات، کار لە پێناو بڕیاردانی ئەو ڕێسایانە بکات، کە لە نێو کۆمەڵدا کاروباری هەقیقەتیان پێ هەڵدەسووڕێ.

ئیدی بە پێی ئەمە، ئەرکی ڕۆشنبیر داکۆکیکردن دەبێت لە هەقیقەتگەلێکــی دیاریکراو هەروەها، ئەرکەکەی گۆڕینی «ئابووریی سیاســییانەی هەقیقەت» و پێداچوونەوەی بە «سیستەمی گوتار»یشە.


---

* بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات

### پرۆفیسۆر جەمیس راسڵ پسپۆڕ لە ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# پێشمەرگە بۆ سەربەخۆیی کوردستان شەڕ دەکەن بۆیە ئیرادەیان بەهێزە

## ئێستا کوردستان بە ئەمری واقیع سەربەخۆیە



**پرۆفیسۆر جەمیس راسڵ ئوستادی وانەکانی ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانی و تیرۆریزمە لە بەشی ئاسایشی نیشتمانی لە زانکۆی ناڤل پۆستگراجویەت و بۆ قسەکردن لەسەر سیستمی نیودەوڵەتی و لەبەریەك هەڵوەشانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە و رۆڵی کورد لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و ئایندەی کوردستان لە هاوکێشەی تازەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر راسڵ ئەنجامدا و بەمجورە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** باشترین وەسف بۆ جیهان لە بارودۆخی ئێستادا دەتوانین بڵێین دیاردەی «هەڵوەشاندنەوەی سیستمی جیهانە»، لەبەر ئەوەی بەم دواییانە چەندین ئەکتەری نادەوڵەتی دەرکەوتوون و ئاراستەی ڕووداوەکانیان گۆڕیوە، لەلایەکی تریشەوە سیستەمی جیهانی ناتوانێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بەتایبەتی تیرۆریستانی داعش کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە جیهاندا بڵاو بوونەتەوە. ئایا دەتوانین بڵێین کە سیستەمی جیهانی کۆتایی هاتووە و سیستەمێکی نوێش کە بتوانێت لەگەڵ باری ئێستادا مامەڵە بکات، هێشتا لەدایك نەبووە؟ ئایا سیستەمی ئێستای جیهان دەتوانێت لەگەڵ ئەم واقیعەی ئێستادا مامەڵە بکات؟**

- جیهان هەڵنەوەشاوە و سەرجەم جیهان بە شێوەیەکی ڕێژەیی بە سەقامگیریی ماوەتەوە، بەڵام ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەموو هۆکارەکان لە پاشاگەردانیدایە، ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش دووبارە سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕێکناخەنەوە و نەبوونەتە هەڕەشەی ستراتیژی بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی. ئاڕاستەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان هێشتا هەر بە نزمی ماوەتەوە. وڵاتە گەشەکردووەکان هیچ نیشانەیەکی لەبەرچاوگرتنەوەی حیسابی بنەڕەتییان پیشان نەداوە کە بیرکردنەوەی لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە داگیرکردوون. چوون بەرەو جەنگ لەگەڵ یەکتر دادیان نادات. گوتنی ئەمە مانای ئەوە نییە کە سیستەمی نێودەوڵەتی بە باشی تەجهیز کراوە، یان تەنانەت دەتوانێت لەگەڵ توندوتیژی سیاسەتدا مامەڵە بکات لەو جۆرەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئۆکرانیا دەیبینین. نەتەوە یەکگرتووەکان هەرگیز وەك هێزی پۆلیسی نێودەوڵەتی دانەنراوە، دەتوانێت یارمەتیدەری ئاشتی بێت لە ژینگە ئاسانەکاندا، لە ڕاستیدا ناتوانێت پۆلیس بۆ ئەو دەوڵەتانە دانێت کە لەگەڵ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناڕۆن، کاتێك یەکێك لەو دەوڵەتانە، بۆ نموونە رووسیا—کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە- بڕیاری دا یاساکان پێشێل بکات، هێچ شتێك نییە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بارەیەوە بیکات.

*** لەسەرهەڵدانی سیستەمی نێودەوڵەتی، یان پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە کە بۆ ڕێککەوتنامەی وێستڤیلیا دەگەڕێتەوە، دیاردەی جەنگ وەك جەنگی نێوان وڵاتان و هێشتنەوەی هاوسەنگی لە نێوانیاندا پێناسە کراوە، بەڵام**

**ئێستا بەداخەوە دیاردەی جەنگ گۆڕاوە بۆ جەنگی نێوان جیهانی ئازاد و تیرۆریستان و ڕۆژ دوای ڕۆژ دەستبەسەر ناوچەی تردا دەگرن، ئەمەش واتە سوپا کلاسیکییەکان ناتوانن بیانبەزێنن. پێتانوایە چۆن دەکرێت بونیادێکی نوێی سوپا دابنرێت بۆ ئەوەی تیرۆریستان ببەزێنێت؟**

- جەنگ دیاردەیەکی نوێ نییە و تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی سیستەمی نێودەوڵەتییە. من ڕازی نیم بەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت سیستەمی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕاوە کە دەوڵەتان تیایدا دەیانەوێت زۆرترین دەسەڵات و نفوز بەسەر یەکدا بسەپێنن. جەنگی سووریا نموونەیەکی باشی جەنگێکی بەوەکالەتە بۆ دەسەڵاتی ناوچەیی کە عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتانی کەنداو و ئێران ناکۆکییەکانیان بەکاردێنن بۆ ئامانجی بەرتەسکی خۆیان. هەموو جەنگەکان لەهەر فۆڕمێکدا بن، بە سادەیی توندوتیژیی سیاسییە لەلایەن ئەو ئەکتەرانەی کە ناتوانن ئامانجەکانیان بە ئاشتییانە بەدیبهێنن. داعش دەیەوێت ببێت بە دەوڵەت و ناوچە داگیر بکات، ئامانجگەلێك بە درێژایی تۆماری مێژوویی هەروا بووە. بەڵام داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە دەوڵەتە گەشەکردووەکان بە زۆری واز لە بیرۆکەی جەنگی سەرتاسەری بهێنن، -وەك جەنگی جیهانی دووەم-. لەجیاتی ئەوە، باوەشیان بە جەنگی سنووردار‌دا کردووە بۆ ئامانجی سنووردار. بۆیە موغالەتە و ناچۆنیەکییەك لە سەر ئەم بیرۆکەیە بنیادنراوە. هەر لەبەر ئەوەی وڵاتێکی وەك وڵاتە یەکگرتووەکان باوەڕی بە جەنگی سنووردار هەیە، ئەوە ناگەیەنێت کە شەڕانگێزی لەهەمان چوارچێوەدا دانراوە. بۆیە بۆ ڤێتنامییەکانی باکوور و بۆ داعش—شەڕ بۆ سەربەخۆیی—ئامادەکراون و لەوانەشە ئامادە بن کە هەر نرخێك بدەن بۆ زەمانەتکردنی سەرکەوتن.

**وڵاتە یەکگرتووەکان وەک هاوپەیمانێکی باش سەیری کورد دەکات. بەهای هاوبەشمان هەیە و هەردووکمان بەرژەوەندی بنەڕەتی هاوبەشمان لەوەدایە کە ناوچەکە بە ئارامی ببینین**

**پێشمەرگەی کوردستان پێکەوە و بە یەک ئیرادە بۆ سەربەخۆییان شەڕ دەکەن، ئەمە وەک سوپای عێراق نییە کە دیدێکی سیاسی ڕاستەقینە نییە سوپاکە پێکەوە ببەستێتەوە**





*** لە شەڕی تیرۆریستان کە سنوورەکەی لە پاکستانەوە بۆ نایجریا- یە، بێجگە لە هێزەکانی پێشمەرگە کە سوپای هەرێمی کوردستانن، هیچ هێزێکی دی لەسەر زەمین نەیتوانیوە داعش تێکبشکێنێت، ئەمەش واتە پێشمەرگە بووەتە مۆدێلێکی سوپا بۆ تێکشکانی تیرۆریستان. تا چ ڕادەیەك گرنگە بۆ جیهان کە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە وەك سەرکەوتنی جیهانی ئازاد لە دژی تیرۆریزم بناسن و ئەو سوپایە بکەنە بنەمایەك بۆ تێکشکانی تیرۆریستان؟**

- سەرکەوتنی هەر هێزێکی ڕێکخراوی سەربازی بە زۆری پشت دەبەستێت بەو پابەندی و ئامانجانەی کە هێزەکە بەکارهێنراوە بۆی. پێشمەرگەی کوردستان پێکەوە و بە یەك ئیرادە بۆ سەربەخۆییان شەڕ دەکەن، ئەمە وەك سوپای عێراق نیە کە دیدێکی سیاسی ڕاستەقینە نییە سوپاکە پێکەوە ببەستێتەوە.

*** نەتەوەی کورد تەنها نەتەوەی موسڵمانە لە جیهاندا کە سەرکەوتوو بووە لە پیشاندانی نموونەی پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن لە سیستەمی دیموکراسیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەزموونی کورد کە سەلماندوویەتی جیاوازە لە کەلتوورەکانی ناوچەکە پێویستی بە پاراستنە. تا چ ڕادەیەك گرنگە کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دابمەزرێت بۆ ئەوەی ببێتە دابینکەری ئاشتی و سەقامگیری و پێکەوەژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- کوردستان هەر بۆخۆی دەوڵەتێکی دیفاکتۆیە کە ناوچەیەکی زۆری لە باکووری عێراق لەژێر دەستدایە. سوپا و سیستەمی سیاسی خۆی هەیە و لەهەمووشی گرنگتر، خەڵکێك کە ئازادی خۆیان دەوێت و دەیانەوێت خێزانەکانیان بە ئاشتی و ئارامی گەورە بکەن.

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مسعود بارزانی توانی تیرۆریستان لە سەر زەمین بە یارمەتی لۆجیستی و پاڵپشتی هێزی ئاسمانی ولاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تێکشبکێنێ، ئەمەش واتە ئەزموونەکانی ئەم سەرۆکە و چەکەکانی ولاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پێکەوە دەتوانن کارلێکبکەن بۆ تێکشکانی تیرۆریستان، بۆیە لەم بارەیەوە دەمانەوێت بپرسین: تا چ ڕادەیەك ولاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەبێت لە جەنگی دژی تیرۆریزمی داعش پاڵپشتی سەرۆك بارزانی بن؟**

- ولاتە یەکگرتووەکان وەك هاوپەیمانێکی باش سەیری کورد دەکات. بەهای هاوبەشمان هەیە و هەردووکمان بەرژەوەندی بنەڕەتی هاوبەشمان لەوەدایە کە ناوچەکە بە ئارامی ببینین، کە خێزانەکان ئازاد بن لە گەورەکردنی منداڵەکانیان و شوێن گەشە و دەرفەت بە ئازادی بکەون. پێشبینی دەکەم کە کورد بەردەوام سەرنجی پاڵپشتی نێودەوڵەتی ڕاکێشن وەك سەنگەری ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی باوەشیان بە توندوتیژی و توندڕەوی نەکردووەتەوە.

*** لەنێو ولاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە ئامادەیە سەرکردایەتی شەڕەکە بکات و مامەڵە لەگەڵ هەر دەرئەنجامێکی شەڕەکەدا بکات کە دەبێت و ڕاستەوخۆ پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان دەکات، سەرەڕای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو یەکێك بوو لە یەکەمین ولاتانی یەکێتیی ئەورووپا کە دەرگای کردەوە بە رووی کۆچبەراندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ دەبێت بۆچی ئەڵمانیا ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت؟**

- ئەڵمانیا دەست دەکاتەوە بە دروستکردنەوەی پێگەی سەرکردایەتی جیهان کە بەرهەمێکی سروشتی بەهێزی و پێگەیەتی لە ئەورووپادا. ئەمەش پەرەسەندنێکی پێشوازیکەرە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا و شتێکی باشە کە دیموکراسییەکی بەرپرسیار و پێگەیشتووی وەك ئەڵمانیا هەبێت بانگەشەی سەرکردایەتی جیهان لەسەر چەندین مەسەلە بکات.

**جەنگی سووریا نموونەیەکی باشی جەنگێکی بەوەکالەتە بۆ دەسەڵاتی ناوچەیی کە عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتانی کەنداو و ئێران ناکۆکییەکانیان بەکاردێنن بۆ ئامانجی بەرتەسکی خۆیان**

**هەموو جەنگەکان لەهەر فۆڕمێکدا بن، بە سادەیی توندوتیژیی سیاسییە لەلایەن ئەو ئەکتەرانەی کە ناتوانن ئامانجەکانیان بە ئاشتییانە بەدیبهێنن**

**داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە دەوڵەتە گەشەکردووەکان بە زۆری واز لە بیرۆکەی جەنگی سەرتاسەری بهێنن، -وەک جەنگی جیهانی دووەم-. لەجیاتی ئەوە، باوەشیان بە جەنگی سنووردارردا کردووە بۆ ئامانجی سنووردار**



# ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر

## لە سێگۆشەی خێزان و قوتابخانە و میدیاوە



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

دوور لە گێرانەوەی مێژوویی ڕووداوی (١١)ی سێپتەمبەر، ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت کە ئەم کارە تیرۆریستییە و کردەکانی دیکەی دوای ئەویش راستییەکی بۆ جیهان سەلماند، ئەویش ئەوەیە کە بزوێنەری سەرەکیی گشت ڕووداوەکان بە چاك و خراپەوە، لە سەرەتا و لە کۆتاییدا هەر مرۆڤەکان خۆیانن، بۆیە وا چاکە هەموو لایەکیش بە سیاسییەکان و ڕۆشنبیران و بیرمەند و پەروەردەکاران و خەڵك و حکومەتەکانەوە لە خەمی پەروەردەکردنی مرۆڤی ئاشتیخواز و مرۆڤدۆستدا بن، بە بەرنامەیەکی چاکسازانە و مرۆڤدۆستانە و ئامادەکراو بە گیانی خۆشەویستیی بۆ مرۆڤ و ماڵ و سامان و خاك و ئاو و هەوای.

بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك زیاتر پێویستیمان بە بایەخدانە بە بواری پەروەردەی خێزانی و، پەروەردەی قوتابخانەیی و، پەرەپێدانی میدیایی، چونکە بیست ساڵی یەکەمی تەمەنی زۆربەی مرۆڤەکان ڕۆژانە لە نێو سێگۆشەی خێزان و خوێندنگا و میدیادایە.

یەکەم: چی بکرێت لە بواری خێزانیدا؟

١- ئەنجامدانی پێداچوونەوە و هەموارکردنەوە بۆ زۆرێك لە یاساکان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بە ئاراستەی بنیادنانی خێزانی پشتبەستوو بە ماناکانی خۆشەویستی و ئارامی و سەقامگیری، دوور لە توندوتیژیی خێزانی.

٢- دارشتنی ستراتیژییەتێکی درێژخایەن و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی خولیی لە نێوان وەزارەت و دەزگا پێوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ یەکخستنی دیدگا و ئامانج و پرۆژەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی خێزانی.

٣- چاکترکردنی ڕۆڵی دادگاکان و پارێزەرانی پسپۆڕ، بۆ گرتنەبەری میکانیزمی پشتبەستوو بە ئەزموونەکانی سەردەم بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژیی خێزانی.

٤- کاراترکردنی ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تایبەتمەندن لە بواری چاکسازیی خێزانی.

٥- بەشداری پێکردنی زانایانی ئایینیی لە هەوڵەکانی روونکردنەوەی زیانەکانی توندوتیژیی خێزانی و گەڕان بە دوای دۆزینەوەی رێگەچارەکانی.

٦- زیادکردنی رۆڵی میدیا و راگەیاندن لە رێگەی خستنەڕووی ئەو بابەتانەی کە یارمەتیدەرن بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی توندوتیژیی خێزانی.

٧- داهێنانی ڕابەری خێزانی بۆ هۆشیاری لە بواری هاوسەرگیری و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٨- کارکردنی هەمەلایەنە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو هۆیانەی کە دەبنە مایەی تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەران و تێکچوونی شیرازەی خێزان.

٩- ئەنجامدانی توێژینەوەی وردتر بۆ زیاتر روونکردنەوەی هۆکارە راستەقینەکانی تەڵاق و جیابوونەوە.

١٠- بایەخدان بە ڕۆشنبیریی پرۆسەی هاوسەرگیری بە شێوازیی سەردەمییانە بۆ کەمکردنەوەی رێژەی تەڵاق لە کۆمەڵگەدا کە ئێستا بەداخەوە لە زیادبووندایە، خێزانی هەڵوەشاوەش هۆکارێکی بەخشینی ئەندامە بە گرووپە




تیرۆریستییەکان .

١١- بایەخدانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بە پرۆسەی هۆشیاریی لەبارەی بەهاکانی پەیوەست بە خێزان و خانەی بێ باوکان و بەساڵاچووان .

دووەم: چی بکرێت لەبواری پەروەردەو فێرکردندا؟

١- پێناسەکردنەوە و گۆڕینی چەمکی ئاسایش لە ئامرازێکی گرتن و ترسەوە، بۆ پێناسکردنی وەك پیشەیەکی پێویست و ئامرازێکی پاراستنی تاك و کۆمەڵگە .

٢- تەرخانکردنی لە١٠٪ی پرۆگرامی هەر قۆناغێکی خوێندن بە بابەتەکانی ئاسایشی گشتی و رۆشنبیرکردنی قوتابییان لە قوتابخانەکاندا بە گرنگیی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی.

٣- ئاگادارکردنەوەی قوتابییان لە مەترسییەکانی کەلتووری نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردستانی و، هزری توندڕەویی نامۆ بە تێگەیشتنی کوردانە لە ئایین و مەترسیی ماددە هۆشبەرەکان .

٤- خستنەڕووی زیانە دوور و نزیکەکانی ماددە هۆشبەرەکان و خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم و ئالودەبوون بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٥- کارکردن لە سەر بووژاندنەوەی بەها ئەخلاقی و مرۆییەکانی وەك :

- راستگۆیی و دەستپاکی و داوێنپاکی
- عەدالەتخوازی و یەکسانی و لێبوردەیی و پاراستنی ژینگە
- هاوکاری و بەزەیی و ڕێز و بەرپرسیارێتی.
- هاووڵاتیبوون و نیشتمانپەروەری و تێکۆشان.
- ئارامگرتن و متمانە و ئازایەتی
- جواندۆستی و داهێنانکاری .

سێیەم: چی بکرێت لە بواری میدیاییدا؟

١- کاراکردنی میدیا بۆ ڕاهێنانی هاوڵاتییان لەسەر ئەوەی کە پابەندبوون بە یاسا و یاساپارێزییەوە ئازایەتییە نەك ترسنۆکی.

٢- رەتکردنەوەی هەر گوفتار و رەفتارێکی نامۆ بە کۆمەڵگەی ئاشتیخواز و لێبوردەیی کوردەواری.

٣- خستنەڕووی ئەو راستییەی کە هەر سەکۆیەکی ئازاد بۆ ڕادەربڕینی ئازاد، بەرهەمی هەبوونی زەمینەیەکی ئارام و کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و مرۆڤی ئاشتیخوازە لەپێشدا.

٤- تەرخانکردنی بەرنامەی میدیایی و هۆشیاری لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە سەبارەت بە زیندووکردنەوەی بەها باڵاکان و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان و رەفتارە مەدەنییەکان و رێکارە شارستانییەکان.

ئەمانەی ئاماژەمان بۆ کردن، بەشێکی بنەڕەتین لەو هەنگاوانەی کەدەبنە هۆکاری بنبڕکردنی هەوێنەکانی توندوتیژی و پێشینەکانی تیرۆر لە سەرەتاوە، چونکە چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەك لە سەرەتاوە ئاسانترە وەك لە کۆتاییدا، رێگرتن لە هۆیەکانیشی باشترە وەك لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەرئەنجامەکانی.

## د.پۆڵ سالم

تۆێژەر و تایبەتمەند لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# لەگەڵ هەڵوەشانەوەی سیستمی دەوڵەتی کۆن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەموو شتێک کەوتە ژێر پرسیارەوە و سەقامگیریی دەوڵەتی لەرزاند

د.پۆڵ سالم هەتا ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکی ئامۆژگای بەناوبانگی کارینگی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، پێش ئەویش بەڕێوەبەری دامەزراوەی فارس بووە لە لوبنان و دامەزرێنەری سەنتەری لوبنانی بووە بۆ دیراساتی سیاسی و یەکێکە لە قەڵەمە دیارەکانی عەرەب لە ئەمریکا و هەروەها قەڵەمێکی دیارە لە رۆژنامەی «الحیاە» و یەکێکە لەو چاودێرە سیاسییانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاستی میدیای عەرەبی و جیهانیدا کە بۆچوونەکانی بایەخیان هەیە. بۆ قسەکردن لە سەر رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی ئەم ناوچەیە، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** چۆن بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینی پاش ١٤ ساڵ لە پەلاماری ١١ی سێپتەمبەر و هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ جەنگ لە دژی تیرۆریزم، لە کاتێکدا تیرۆریستان هێشتا ماونەتەوە و ناوچەیان لە عێراقدا بەدەستەوەیە؟**

- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناو دوو گۆڕانکاری گەورەدا دەڕوات کە ناسەقامگیرییەکی زۆری دروستکردووە، یەکێك لەو گۆڕانکارییانە پەیوەندی بە ناوخۆی هەر وڵاتێکەوە هەیە و گرفتەکانی دەسەڵاتن و دانیشتووان داوای زیاتری بەشداری دەکەن و هەوڵدەدەن دەسەڵاتداران لابەرن، بۆیە لە پرۆسەیەکدان کە دەوڵەتی دامەزراوی کۆن (پاش جەنگی دووەمی جیهان لە پەنجاکان و شەستەکاندا، سیستەمی دەسەڵاتخوازی کۆن)ـە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردووش کە لە تونس و یەمەن و سووریا تەنانەت لە عێراقیش بینیمان، لەلایەن خەڵکەوە بەرپەرچ درانەوە. ئەمەش سەقامگیری زۆر لەو دەوڵەتانەی لەرزاند، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و زۆر مەسەلەی تری هێنایەکایەوە کە پێوەندی بە ئەوەوە هەیە چۆن پێناسەی نەتەوە دەکەیت. ئایا بەپێی سنوورە کۆنەکان پێناسەیان دەکەیت وەك عێراق و سووریا، یان بەپێی مەسەلەی نەژادی پێناسەی دەکەیت وەك ناسنامەی کوردی و عەرەبی، یان بەپێی ئایین پێناسەی دەکەیت وەك سوننە و شیعە؟ تەنانەت لەناو ئاییندا، ئایا دەگەڕێیتەوە بۆ ڕاڤە ڕادیکاڵییەکانی ئایین وەك داعش، یان ڕاڤە میانڕەوەکان؟ بۆیە کە دەوڵەتی کۆن دەستی کرد بە هەڵوەشانەوە، هەموو شتێك کەوتە ژێرپرسیارەوە، ئەمەش ناسەقامگیرییەکی زۆری درووستکردووە. لەسەر ئاستێکی دی سەرهەڵدانی ئێران و داڕووخانی دەوڵەتی عێراقی کۆن، سیستەمی زۆر دەوڵەتی عەرەبی ناسەقامگیر کرد، ئێستا ئێران یاریزانێکی بەهەژموونە لە عێراق و سووریا و لوبنان و ڕووبەڕووی سیستەمی دەوڵەتی کۆنی عەرەبی بووەتەوە، ئەمەش بێگومان بووەتە هۆی دروستبوونی جەنگی بەوەکالەت و جیاوازییەکانی نێوان شیعە و سوننەکانی خراپتر کردووە و ناکۆکییەکی هێناوەتەئاراوە کە ناوچەکەی ناسەقامگیر کردووە، لە دەرەوەش، وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەشێکیدا بەشداری کردووە بە داگیرکردنی عێراق و لابردنی دەوڵەتی کۆن و بەرەو دامەزراندنی نیزامی سەقامگیری پاش سەدام چووە و سیستەمی کۆنی لەرزاندووە. بەڵام ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات کەمتر دەست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەربدات و سەرۆك ئۆباما زیاتر جەختی کردووەتەوە لەسەر کشانەوە لە ناوچەکە. لەبارەی مەسەلەی تیرۆریزمەوە، بە دڵنیاییەوە دەستێوەردانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان و عێراق و سەرتاپای ئەوەی کە پێی دەوترێت جەنگ لە دژی تیرۆر کە بەردەوامە و لە ژێر پەردەی سی ئای ئەی و هەر ئۆپەراسیۆنێکی تردا، بەگشتی ڕوونە لە ئەنجامی چواردە ساڵ جەنگ لە دژی تیرۆر، تیرۆر نەك هەر کەمی نەکردووە، بەڵکو زیاتر بووە لەو کاتەی کە پێی دەوترێت جەنگ لە دژی تیرۆر دەستی پێکرد. ئەمەش بەتایبەتی پێوەندی بە ڕووداوەکانی عێراق و سووریاوە هەیە کە گۆڕاوە بۆ شەڕی تائیفی و نەتەوەیی و گرووپی تیرۆریستی وەك داعشیش سوودی لە بارودۆخی سیاسی عێراق و سووریا وەرگرتووە.

*** پاش دەستێوەردانی وڵاتەیەکگرتووەکان لە عێراق، ئەم وڵاتە ئێستا دەوڵەتێکی شکستخواردووە، وەك دەبینین ناوچەی سوننەکان بەدەست تیرۆریستانی داعشەوەیە و دەوڵەتێکی تیرۆریستی لەناو عێراقدا هەیە و لە لیبیاش وڵاتەیەکگرتووەکان سوپای زەمینی دانەبەزاند، ئێستاش وەك دەبینی ئەو وڵاتە چۆنە و لە سووریاش دەستێوەردانی نەکرد. واتە دوو حاڵەتمان هەیە: دەستێوەردانی سەربازی و دەستێوەردان بە هێرشی ئاسمانی، کەواتە چۆن سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینی؟**

- پێموایە باس لە شتێك دەکەی کە ئێستا زۆر خەڵك لە وڵاتەیەکگرتووەکان دەیڵێن. ئەوان دەڵێن کاتێك دەستێوەردان دەکەین، باش نییە و کاتێك دەستێوەردانیش ناکەین هەر باش نییە، بۆیە تەواو سەریان لێتێکچووە، چی بکەن، ئەمەش هانی سەرۆك ئۆبامای داوە کە بڵێت مادام هیچ شتێك باش نییە، ئەوا باشترە بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان کە تێوەنەگلێ و چەندین تریلیۆن دۆلار سەرف نەکات و هەزاران سەربازی نەجووڵێنێت لەبەر ئەوەی ئەمانە هیچی کار ناکاتە سەر مەسەلەکە. بۆچوونی من ئەوەیە کە گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی پێشتر لە سەرەتادا وتم کە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕاستیدا شکستیان خواردووە، ئەو دەوڵەتانەی هەمانە وەك عێراق و سووریا و یەمەن و لیبیا بە شێوە و دامەزراوە دەوڵەتن، ڕێژەی ئەو کێشانەی هەمانە لە وڵاتەکان و ناوچەکەدا زۆر توندە و پێموایە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوانی دی گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە کێشەکان ناتوانرێن بە سادەیی بە هێزە بیانییەکانی وەك ئەوەی وڵاتەیەکگرتووەکان تێوەبگلێت، چارەسەر بکرێت، کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گەورەتر بوون و زیاتر پێوەندی بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە هەیە کە وڵاتەکانیان لە شەڕ و ناکۆکی بەوەکالەت ڕزگار

**وڵاتە یەکگرتووەکان لە بارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە پێیوایە ئەمە مافێکی بنەڕەتیی خۆیانە، بەڵام لە رووی واقیعەوە گەر عێراق دابەش بێت و کوردستانی سەربەخۆ دروست بێت، عێراق و سووریا هەڵدەوەشێت و ئێران و تورکیاش زۆر نیگەران دەکات و کاریگەری ناوخۆیی لەسەریان دەبێت، بۆیە سیاسەتی ئەمریکی بەو دوو نیگەرانییەوە بەستراوەتەوە**

**حەفتا ساڵ لە مەوبەر بیست ملیۆن خەڵك لە جەنگی جیهانی دووەمدا کوژران و هەشت ملیۆن لە ئەڵمانیادا سووتێنندران، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ نازییەکاندا داعش هیچ نییە، پێویستە بە هیواوە سەیری داهاتوو بکەین**

**ناکۆکییەکی زۆر قووڵ لە هەر وڵاتێکدا هەیە و پێموانییە هیچ هێزێکی گەورەش بتوانێت بە خێرایی سەقامگیری بهێنێت و چارەسەری بارودۆخەکە بکات**

بکەن و سەرچاوە و وزە کۆمەڵییەکانیان بەکاربهێنن بۆ سەرلەنوێ بنیادنانەوەی دەوڵەتە شکستخواردووەکانیان، ئەوەش یارمەتییان بدات بۆ هێنانەوەی سەقامگیری و ئارامی پێش ناکۆکییەکانی سووریا کە زیاتر ناکۆکیی نێوان ئێران و تورکیا و قەتەر و سعودی عەرەبی و ئیماراتە، دەبێت ئەوانە پێکەوە کۆببنەوە بۆ گفتوگۆ، ئەمەش زۆر قورسە.

*** ئێمە وەك کورد پێمانوایە کە دەستێوەردانی ئەمریکا لە عێراق سەرکەوتوو بوو، لەبەر ئەوەی وڵاتی لەدەست دیکتاتۆرێکی وەك سەدام ڕزگار کرد، بەڵام کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا باش نەبوو، لەبەر ئەوەی عێراقی لە ناوەڕاستی کێشەکاندا بەجێهێشت و کردیە دەوڵەتێکی شکستخواردوو، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر دەستێوەردانیشی نەکردایە، ئەوا وەك سووریا دەبوو کە پێداگری و پاڵپشتی ئێران و حزبوڵڵا بۆ ئەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. ڕەهەندی «بەهاری عەرەبی» بۆ ناکۆکیی نێوان سوننە و شیعە گۆڕاوە، ئەمەش هۆکاری ئەو ئاوارە ناوخۆییانەیە لە سووریا و وڵاتانی دراوسێ و قەیرانێکی دروستکردووە، هەمووشی پێوەندی بەوەوە هەیە کە یەکەمجار کێشەی سووریا چارەسەر نەکرا لەلایەن ئەمریکاوە، لەم بارەیەوە راتان چییە؟**

- من دەڵێم بەرپرسیاریەتییەکی زۆر لە سەر زۆر لایەن هەیە، لە ناویاندا وڵاتەیەکگرتووەکان. ئێستا حکومەتی وڵاتەیەکگرتووەکان و سەرۆك ئۆباما ئەوەیان هەڵبژاردووە کە دەستێوەردان لە سووریا نەکەن، بۆیە دەتوانی بڵێی دەبوایە و نەدەبوایە، بەڵام لەهەمان کاتدا وڵاتێکی بیانی مافی خۆیەتی بڕیاری خۆی بدات، ئەمە شتێکی ئۆتۆماتیکی نییە. هەر بۆیە یەکەم و دوا ئیلتیزام بۆ ئەوانەی تێوەگلاون مەسەلەی مرۆییە، نەك سیاسی. بەرپرسیاریەتی ئەوەیە کە بیر لە منداڵ و ژن و پیاوی سڤیل بکەیتەوە کە دەناڵێنن بە دەست جەنگەوە، ئەمەش بەرپرسیاریەتییەکی گشتیە بۆ هەموو وڵاتان هەر لە وڵاتەیەکگرتوەکانەوە بۆ ئەوروپا و تورکیا و ئێران و تا دەگاتە ژاپۆن و ئوسترالیاش، یەکەم بەرپرسیاریەتیش لەسەر خۆمانە، بۆیە دەڵێم خۆمان لەبەر ئەوەی منیش لوبنانیم، لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەکانمانە کە دەبێت ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ دەربازبوون، ئەو کاتە هەموو لایەك دەتوانێت یارمەتیمان بدات، بەڵام ناتوانن لە جێی ئێمە بن و کارەکانی ئێمە بکەن. زۆر جار ئەو کێشانەی بۆ نموونە عێراق پیایدا دەڕوات، لەوانەیە بەشێوەیەکی گشتی باش نەبێت. سەیری مێژووی ئەوروپا بکە کە زۆری خایاند تا گەیشتنە ئەم ئاستەی ئێستا. هیوادارم ئەوەی ئێستا عێراقییەکان پیایدا دەڕۆن، خەڵك لێوەی فێر بێت، لە کۆتاییدا دەبێت ڕێگەیەك بدۆزنەوە کە پێکەوە بژین و هاوکاری یەك بکەن، ئەمەش زۆرجار ئاسان نییە. من خەڵکی لوبنانم و شانزە ساڵ لە جەنگی ناوخۆییدا بووین، پێش ئەوەی کە بگەین بەوەی کە نابێت ئیتر جەنگ هەبێت.

*** پاش گۆڕانی هاوکێشەکە بۆ ناکۆکیی نێوان سوننە و شیعە، تورکیا و قەتەر دەستیان کرد بە پاڵپشتی «بەرەی نوسرە» لە سووریا، ئەمەش فاکتەرێکی سەرهەڵدانی داعش بوو کە لە بنەڕەتدا بەشێك بوو لە قاعیدە و پاشان بووە داعش کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیە لە دژی شیعەکان. ئەم هاوکیشەیە بووە هۆی دروستبوونی پەنابەران و ماوەی دووساڵە بارودۆخەکە لە چاو ئەوەی یەکەم جار دەستی پێکرد، بەرەو خراپی زیاتر چووە. کەواتە چۆن ناکۆکییە ناوچەییەکانی نێوان شیعە و سوننە دەبینی؟**

- یەکەم هۆکاری بنەڕەتی پەنابەران و وێرانکاری لە سووریا داعش و بەرەی نوسرە نییە، بەڵکو ئەوەیە چۆن رژێمی ئەسەد مامەڵەی لەگەڵ خۆپیشاندەران و پاشان ڕاپەڕیندا کرد، بۆیە کارەکانی ئەسەد هۆکاری یەکەمی ئاوارە و پەنابەرانە، هەر ئەمەش یەکەم هۆکاری دروستبوونی بەرەی نوسرە و داعشە، وەك دەزانی بەرەی نوسرە و داعش و قاعیدە لە سووریا نەبوون و هۆکاری بنەڕەتی هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی سیاسی و کارەکانی دەوڵەت بوو لە سووریا، بەڵام ئێستا داعش و بەرەی نوسرە هەیە، هەندێکیان پاڵپشتییان هەیە لەلایەن هێزە بەوەکالەتەکان و ئێرانەوە، ئێستا لە ناوەڕاستی کارەساتێکی گەورەداین و تەنیا شتی بەسوود ئەوەیە بیر لەوە بکەینەوە چۆن لەمە دەربچین و بەرەو پێش بچین، ڕێگای بەرەوپێش چوونیش زۆر ڕوونە و هاوشێوەی ئەوەیە کە لە عێراقدا بەرەو پێش دەچێت، لە عێراقدا مالیکی لابرا و پێویست بوو حکومەتێك پێکبێت کە هەمووانی تێدا بن و هاوکاری پێشمەرگە و ئەوانی دی بکات بۆ شەڕ لەگەڵ داعش، ئەوەی لە سووریاش پێویستە هەمان شتە، تەنیا کەسی بەرپرس لەم بارودۆخەی سووریا ئەسەدە، حکومەتێکی نوێ لە دیمەشق پێویستە کە ڕەگەزەکانی رژێم و ئۆپۆزسیۆنی زۆرینەی سوننەی تێدا بێت و ئەم حکومەتە نوێیە سەرلە نوێ سوپای نیشتمانی بنیاد بنێتەوە، هەروەها لەگەڵ گرووپە شۆڕشگێڕەکان هاوکار بێت، کاتێك ئەمە پێکهات، دەشتوانن داعش تێکبشکێنن، ئەمە ئەو ستراتیژییەیە کە پێویستە، بەداخەوە ئەمە ڕووی نەداوە و لە ئێستاشدا روو نادات.

*** بەپێی ئامارەکانی سەنتەری توێژینەوە، نزیکەی ١٣**

**وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر باش بووە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە. بەڵام ئەوەش بۆی جێی بایەخە کە یەکگرتوویی عێراق بپارێزرێت**

**کەمبوونەوەیەکی زۆری مەسیحییەکان لە عێراق رووی داوە و ژمارەیەکی زۆر کەمیان ماونەتەوە، مەسیحییەکی زۆریش دەبینین لە سووریا بەهۆی بارودۆخەکەوە دەڕۆن**

**تەنیا کەسی بەرپرس لەم بارودۆخەی سووریا ئەسەدە، حکومەتێکی نوێ لە دیمەشق پێویستە کە ڕەگەزەکانی رژێم و ئۆپۆزسیۆنی زۆرینەی سوننەی تێدا بێت و ئەم حکومەتە نوێیە سەرلەنوێ سوپای نیشتمانی بنیاد بنێتەوە**

**سەرهەڵدانی ئێران و داڕووخانی دەوڵەتی عێراقی کۆن، سیستەمی زۆر دەوڵەتی عەرەبی ناسەقامگیر کرد، ئێستا ئێران یاریزانێکی بەهەژموونە لە عێراق و سووریا و لوبنان و ڕووبەڕووی سیستەمی دەوڵەتی کۆنی عەرەبی بووەتەوە**

**کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گەورەتر بوون و زیاتر پێوەندی بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە هەیە کە وڵاتەکانیان لە شەڕ و ناکۆکی بەوەکالەت ڕزگار بکەن و سەرچاوە و وزە کۆمەڵییەکانیان بەکاربهێنن بۆ سەرلەنوێ بنیادنانەوەی دەوڵەتە شکستخواردووەکانیان**

**لە ئەنجامی چواردە ساڵ جەنگ لە دژی تیرۆر، تیرۆر نەک هەر کەمی نەکردووە، بەڵکو زیاتر بووە لەو کاتەی کە پێی دەوترێت جەنگ لە دژی تیرۆر دەستی پێکرد**

**ملیۆن خەڵکی موسڵمان لە ئەوروپادا دەژین، ئەمەش لەسەدا شەشی دانیشتووانی ئەوروپا پێکدەهێنێت و وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەم ڕێژەیە بۆ ٢٥ ملیۆن لە ئێستاوە بۆ ماوەی دەساڵی تر بەرز ببێتەوە، خەڵکی ئەوروپاش دروشمی دژە پەنابەریان بەرزکردووەتەوە و ڕەتیدەکەنەوە پێشوازی لەپەنابەران بکەن. لەلایەکی ترەوە دەبینین سەرۆکی هەنگاریا بانگەشەی ئەوە دەکات کە نایانەوێت ناسنامەی مەسیحی ئەوروپا بگۆڕن، پێشبینی ناکەیت کە دیاردەی پێکدادانی شارستانییەتەکان لە نێوان ئیسلام و مەسیحیەکانی ئەوروپا بە هۆی ئەو ڕەفتارانەی ئەوروپییەکان دژی پەنابەران ڕوویدات؟**

- من پێی ناڵێم پێکدادانی شارستانییەتەکان، ئەمە ڕەگەزی پێکدادانی شاراوەی ناسنامەکانە، شارستانییەت شتیکی فراوانترە. بێگومان هەر گۆڕانێکی گەورەی دیمۆگرافی، ئیتر مەسیحی و ئیسلامی، یان کورد و عەرەب، یان سوننە و شیعە، لە ئەفریقا لە نێوان خێڵەکاندا، یان لە هەر سیستەمێکی سیاسیدا بێت، شتێکی سرووشتییە، بەڵام گۆڕانێکی وا گەورە قورسە خێرا بڵاوببێتەوە، لەم حاڵەتەدا مەسیحییەکان بەرەو ئەوروپا دەڕۆن و جوولەکەکان ڕایانکرد لە ناوچەکەدا پێشتر و لە جەنگی دووەمی جیهاندا هەنگارییەکان و ئەوانی دی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ڕایانکرد، بۆیە بێگومان ئەمە گۆڕانێکی زۆر گەورەیە و جێگەی سەرسوڕمان نییە کە هەندێ خەڵك تووشی کێشە و ناڕەحەتی دەبن. وەك ئەوەی ئاماژەت پێدا، ئەوروپا پێشتر دانیشتووانی موسڵمانی تێدابووە، بەڵام چەند مەسەلەیەك هەیە کە بە دەگمەن کێشەن و بەڵام لە هەمان کاتدا لە ئەوروپا دەژین زۆر بە ئاسایی و کێشەیان نەبووە. گەر وڵاتە یەکگرتووەکان وەربگرین، دەبینین خەڵکانێکی زۆر لە ئەمریکای لاتین و مەکسیکەوە کۆچیان کردووە بۆی و بووەتە بارگرانییەکی زۆر بەسەر ئەمریکاوە، یان گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی یەکەم جار ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی دامەزرا، زۆربەی دانیشتووانی سووریا مەسیحی بوون، موسڵمان نەبوون، بۆیە کاتێك سەیری مێژوو دەکەین وانەی لێوە فێردەبین و پێموایە ئەڵمانیا لەم بارەیەوە وانەی وەرگرتووە کە زنجیرەیەك هەوڵ دراوە بۆ یەکخستنی ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران کە لەلایەن ئەنجێلا مێرکل-ەوە سەرکردایەتی دەکرێت و کارێکی مێژووییە، بۆیە گۆڕانکاری گەورە بۆ خۆی کێشەیە. کاتێك قسە لەسەر شارستانییەت دەکەین کە لەم حاڵەتەدا ناکۆکیی ناسنامە تێدەپەڕێنێت، سەیری عێراق بکە، ئێستا کورد و سوننە و شیعە ناتوانن پێکەوە بژین و ڕقیان لە یەکە و متمانەیان بە یەك نییە، دەتوانم هەمان شت لەسەر وڵاتەکەم لوبنان لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا بڵێم، هەمان شتیش بۆ ڕەش و سپییەکانی ئەمریکا ٥٠ ساڵ لەمەوبەر، بەڵام ئەم جارە دەتوانن بەرەوپێش بچن.

*** دەبینین ئەم بارودۆخە وای لە مەسیحییەکان کردووە هەموو ماڵ و حاڵیان بفرۆشن و بەرەو ئەوروپا و ئەمریکا بڕۆن. ئایا پێشبینی ناکەیت کە بە جۆرێك مەسیحییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەناو بچن؟**

- ئەمە مەترسییەکی گەورەیە بۆ مەسیحییەکان لە وڵاتانی عەرەبی و لوبنان، بە دڵنیاییەوە کەمبوونەوەیەکی زۆری مەسیحییەکان لە عێراق ڕووی داوە و ژمارەیەکی زۆر کەمیان ماونەتەوە، مەسیحییەکی زۆریش دەبینین لە سووریا بەهۆی بارودۆخەکەوە دەڕۆن، چونکە هەست بە ئارامی ناکەن، کاتێکیش بە بەراورد لەگەڵ موسڵمانێك داوای ڤیزە بۆ نموونە لە ئەمریکا دەکەن، زووتر وەریاندەگرن.

*** ئێستا لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر سنووری هاوبەشمان لەگەڵ خەلافەتی ئیسلامی داعش هەیە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی کێشە هەڵپەسێردراوەکانەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق کە لە ٢٠١٤ ـەوە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بڕاوە، ئەمەش قەیرانێکی دارایی لە کوردستان دروست کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو پەنابەر و ئاوارە عێراقی و سوورییانەی کە لە کوردستاندان کە بارگرانییەکی زۆرە بەسەرمانەوە، بۆیە ئەگەر یەکێتی ئەوروپا هەوڵبدات پاڵپشتی و یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات لە ڕووی لۆجستی و مرۆییەوە بۆ ئەوەی کوردستان بتوانێت پێشوازی لەو پەنابەرانە بکات، ئەوا ئەو کۆچە کەم دەکاتەوە کە بۆ ئەوروپا دەچن. لەهەمانکاتدا، لە ڕووی ئەمنییەوە، شەڕی تیرۆریستان بە تەنیا شەڕی کورد نییە و شەڕی جیهانی ئازادە دژی تیرۆریستان، بۆیە دەبوایە یەکێتی ئەوروپا و بەگشتی ڕۆژئاوا یارمەتی زیاتری پێشمەرگەیان بدایە بە دابینکردنی چەکی قورس و یارمەتی لۆجیستی تا کوردستان سەقامگیرتر بێت، چۆن ئەمە دەبینی؟**

- هاوڕام لەگەڵتان، حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر باش بووە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە. بەڵام ئەوەش بۆی جێی بایەخە کە یەکگرتوویی عێراق بپارێزرێت. بەداخەوە لەبەر خراپ بڕیاردان و نەزانییەوە لە بەغدا بەشە بودجەی هەرێم بڕاوە. بۆیە حکومەتی وڵاتەیەکگرتووەکان، وەك ئەوەی من دەیبینم لێرە لە واشنتۆن، زۆر هاوسۆز و پاڵپشتیکەرە،




بەڵام دوودڵە لە کردنەوەی ڕاستەوخۆی پێدانی یارمەتی سەربازی بە هەولێر لەبەر ئەوەی ئەوەی جێی بایەخیەتی هێشتنەوەی عێراقە بە یەکگرتوویی، بۆیە فشاری خستە سەر مالیکی کە بڕوات و حکومەتێکی نوێ پێکبێت کە کورد نوێنەرایەتی تێدا بێت، بەڵام ئەم حکومەتە نوێیە ئەوەی دابین نەکرد بۆ هەولێر کە پێویستیەتی کە بەپێی ڕێککەوتن پێشتر دانراوە. وڵاتە یەکگرتووەکان لە بارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە پێیوایە کە ئەمە مافێکی بنەڕەتیی خۆیانە، بەڵام لە ڕووی واقیعەوە گەر عێراق دابەش بێت و کوردستانی سەربەخۆ دروست بێت، ئەوا عێراق و سووریا هەڵدەوەشێت و ئێران و تورکیاش زۆر نیگەران دەکات و کاریگەری ناوخۆیی لەسەریان دەبێت، بۆیە سیاسەتی ئەمریکی بەو دوو نیگەرانیەوە بەستراوەتەوە.

*** تا چەند لە ماوەیەکی کورتخایەندا گەشبینی دۆخی ناوچەکە باشتر ببێت و چ پەیامێکت بۆ خوێنەرانمان لە کوردستان هەیە؟**

نەخێر لە ماوەیەکی کورتدا گەشبین نیم و ئەمە یەکێکە لە خراپترین کاتەکان لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەك وتم، ناکۆکییەکی زۆر قووڵ لە هەر وڵاتێکدا هەیە و پێموانییە هیچ هێزێکی گەورەش بتوانێت بە خێرایی سەقامگیری بێنێت و چارەسەری بارودۆخەکە بکات. تەنیا خاڵی باش کە پێشتریش ئاماژەم پێدا ئەوەیە کە دەبێت ئەم وڵاتانە بەم بارودۆخە قورسەدا بڕۆن و لێوەی فێربن و چارەسەر بدۆزنەوە. ئەوەمان بیرنەچێت کە ئەم وڵاتانە، عێراق و سووریا و لوبنان و...تاد، هەموویان لەلایەن بەریتانیا و فەرەنساوە بەجێهێڵدراون، یان لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بەجێماون، بۆیە لەوانەیە ئەمە کاتی ئەوە بێت کە ڕاستەوخۆ ئەزموونی ژیان بکەن بەبێ داگیرکاری بیانی و لەناو ئازادیدا بژین، تەنیا شتێکی باش ئەوەیە کە دەتوانن لێوەی فێربن و ڕێککەوتنێك دروست بکەن بۆ کۆمەڵگەیەکی ئارام. لەوانەیە سەیری ئەورووپا بکەن بڵێن کە چەند لە ئارامی و دیموکراسیدا دەژی، بەڵام حەفتا ساڵ لە مەوبەر بیست ملیۆن خەڵك لە جەنگی جیهانی دووەمدا کوژران و هەشت ملیۆن لە ئەڵمانیادا سووتێندران، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ نازییەکاندا داعش هیچ نییە، پێویستە بە هیواوە سەیری داهاتوو بکەین.

**بەرپرسیاریەتی ئەوەیە کە بیر لە منداڵ و ژن و پیاوی سڤیل بکەیتەوە کە دەناڵێنن بە دەست جەنگەوە، ئەمەش بەرپرسیاریەتییەکی گشتییە بۆ هەموو وڵاتان**



## پرۆفیسۆر جۆرج ئیدوارد

سەرۆکی سەنتەری دیراساتی رۆڵی سەرۆک بۆ گوڵان:

# کاتێک نەتەوە دەکەوێتە قەیرانەوە پێویستە هاووڵاتیان دەستبەجێ هاوکاریی سەرۆکی خۆیان بکەن

**پرۆفیسۆر جۆرج ئیدوارد لە ساڵی ١٩٧٣دا بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسی لە زانکۆی ویستکانسۆن بەدەست هێناوە و ئێستاش پرۆفیسۆری ئەو بوارەیە لە زانکۆی تێکساس، دامەزرێنەری سەنتەری دیراساتی رۆڵی سەرۆکایەتی وڵات و لە ساڵی ١٩٩١ بۆ ٢٠٠١ بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرە بووە. تایبەتمەندە لە بواری سەرۆکایەتی ئەمەریکادا، نووسینی بەرفراوانی هەیە لە بارەی پێوەندی سەرۆك و هەوڵەکانی سەرۆك بۆ رابەرایەتیکردنی ڕای گشتی. خاوەنی چەندین خەڵاتی ئەکادیمییە و پتر لە ٢٠ کتێبی لەو بوارەدا نووسیوە. گوڵان چەند پرسیارێکی سەبارەت بەو ئاستەنگ و تەنگژانەی ڕووبەڕووی سەرۆکی وڵات دەبنەوە، لە کاتی بڕیاردان لە سەروەختی قەیرانەکاندا ئاڕاستە کردووە، ئەویش بەم شێوەیە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.**

*** زەروورەتی بوونی سەرکردەی نەتەوەیی و کاریزمی بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەك کە لە قۆناغی بونیادنانی دەوڵەتدا بێت، لە چیدا دەبینن؟**

- نەتەوەکان لە قۆناغی بونیادنانی دەوڵەتدا پێویستیان بە سەرکردایەتییەکی بەهێز هەیە و سەرکەوتووەکان ئەوانەن کە دەسەڵاتەکانیان بە خراپی بەکارناهێنن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر سەرکردایەتییەکی بەهێزت هەبوو کە دەسەڵاتی بە مەرکەزی نەکرد، ئەوا دەتوانرێت لە چوون بە ئاڕاستەی پەرەدان بە دیموکراسیدا بەشدار بێت. لەم بارەیەوە وڵاتە یەکگرتووەکان بەختیان هەبوو کە سەرکردەیەکی وەك جۆرج واشنتۆنیان هەبوو. بۆیە پێویستمان بە سەرکردایەتییەکی لەو جۆرە هەیە، هەروەها سەرکردەیەك کە تێبگات لەو گرفتانەی کە ناتوانرێت خۆی لێ لابدرێت و تێبگات لە ڕەوایی خەباتی گەلەکەی و ئەو هێزانەی کە وڵاتەکەی بەرەو لەناوچوون دەبەن. ئەمانە گرفتە باوەکانن و گرنگە کە سەرکردەیەکی گونجاو هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان.

*** یەکێك لە خاسییەتەکانی سەرکردە ئەوەیە کە توانای ئەوەی هەبێت پێشبینی گۆڕانکاری و بەرەنگاریەکان بکات لە داهاتوودا، بۆ نموونە چەرچل و رۆزفلت لە جەنگی دووەمی جیهاندا ڕۆڵی گەورەیان گێڕا لە پێشبینی ڕووداوەکاندا. چۆن لە سەرکردەیەك دەڕوانی کە توانای پێشبینیکردنی شتەکانی هەیە پێش ئەوەی ڕوو بدات؟**

- بەگشتی پێشبینیکردنی هەموو گرفتەکان زۆر مەحاڵە. کاتێك چەرچل پێشبینی کرد ئەڵمانیا دەبێتە هەڕەشە، زۆربەی خەڵك هاوڕای نەبوون و دەسەڵاتی نەدرایە، هەتا




ڕوون نەبووەوە دەچێت بۆ جەنگ و پاشان بووە سەرۆك وەزیران، ئەوەش ڕاستە کە ڕۆزفلْت هەر زوو ئەگەرەکانی جەنگی لە ئەوروپا بینی و هەوڵیدا کە نەتەوەکەی ئامادە بکات، بەڵام پێموایە زۆر گرنگە ئەوەش بەبیر بێنمەوە کە ڕۆزفلْت بە تەنیا خۆی نەیتوانی قەناعەت بە خەڵك بکات کە پێویستە چەکدار بکرێن و خۆئامادە بکەن بۆ بەشداری لە جەنگی دووەمی جیهاندا، خەڵك زۆر دوودڵ بوون لە تێوەگلان لە جەنگەکەدا و پشتگیری سەرۆکیان نەدەکرد، بۆیە کاتێك ڕۆژ دوای ڕۆژ هەواڵەکان لە بارەی ئەوروپاوە دەگەیشتن، خەڵك بۆچوونیان گۆڕا، بەتایبەتی کاتێك ژاپۆن پەلاماری وڵاتە یەکگرتووەکانی دا، شتەکان هەمووی لە شەو و ڕۆژێکدا گۆڕا و هیچ بژاردەیەك نەمایەوە و خەڵك ڕای خۆی گۆڕی. بەڵام دوایی ئەوە گرنگ بوو بۆ ڕۆزفلْت کە هەست بکات هاوکاریکردن زۆر گرنگە و دەتوانێت ئەو دەسەڵاتە بەکار بهێنێت، بەڵام دەبوایە زۆر بەئاگا بێت و هەنگاوی بچووك بهاوێت، لەبەر ئەوەی وڵات ئامادە نەبوو، بۆیە دووبارە وەڵامەکە ئەوەیە کە گرنگە باشترین جۆری سەرکردایەتیت هەبێت، بەڵام ناتوانین بڵێین هەر کە ئەم جۆرە سەرکردەیەت هەبوو، هەموو شتێك باش دەبێت و هیچ گرفتیك ڕوونادات و هیچ جۆرە کێشەیەك نابێت و دەتوانێت وڵات ئامادە بکات بۆ هەر قەیرانێك کە هەیە، ئەمە هەڵەیە لەبەر ئەوەی چەندین جۆر قەیران هەیە کە دەبێت وڵاتی بۆ ئامادە بکرێت ڕووبەڕووی بێتەوە. بەهەمان شێوە لە بەریتانیا کاتێك ئەو قەناعەتە دروست بوو، دەبێت بچنە شەڕەکەوە، وڵات ئامادە کرا.

**دەبێت ڕاستییەکان بە خەڵک بوترێت، تەنانەت ئەگەر بارودۆخەکە خراپیش بێت، دەبێت هەر ئەمە بکرێت. ناتوانیت وای پیشان بدەیت کە هەموو شتەکان بە باشی دەڕۆن تا بە سەرتا بشکێتەوە**

**ئەگەر سەرۆک دەسەڵاتێکی ڕێژەیی تەواوی هەبێت، سەرەڕای ڕەخنەگرتن لێی، ئەوا پێداگیری دەکات لەو شتانەی کە دەرئەنجامێکی بۆ نەتەوە هەیە، خەڵک بەگشتی وەڵامیان بۆ دەرئەنجامەکان هەیە. هەمیشە مشتومڕ هەیە لەسەر ئەوەی کێ شتەکە بکات**

**لە زۆربەی وڵاتاندا، مەرج نییە سەرۆک سەر بەو پارتە بێت کە زۆرینەیە، هەروەک چۆن ئێستا لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا وایە، بۆیە هەندێک جار بە بنبەست گەیشتن شتێکی ئاساییە، بەڵام لەوانەیە سەرۆک بتوانێت حاڵەتەکە بگەیەنێتە خەڵک و پاشان زۆر لە نوێنەران و پەرلەمان بکرێت کە وەڵام بدەنەوە**

*** هەندێك جار پەرلەمان بە هۆی ناكۆكییەكانیەوە دەگاتە بنبەســـت و ناتوانێت بڕیاری پێویست بدات، بۆیە سەرۆك بە گەڕانەوە بۆ خەڵك دەتوانێت كێشـــەكە چارەسەر بكات. كەواتە لە حاڵەتێكی وادا چۆن سەرۆك دەتوانێت بە باشی مامەڵە لەگەڵ دابەشبوونەكان و ناكارایی پەرلەمان بكات و بە پشتیوانی خەڵك بڕیار بدات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. بەڵام سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە سەرۆکەکان پەرلەمانیان نییە، بەڵکو شتێکی وەك کۆنگرێسیان هەیە. سەرۆك وەزیران پەرلەمانی هەیە. زۆر جار سەرۆك وەزیران پشـــتگیری دەکرێت لەناو پەرلەماندا لەبەر ئەوەی پارتەکەی زۆرینەی دەنگی لەناو پەرلەماندا هەیە، هەندێك جاریش هاوپەیمانیەتی پێویستە. بۆ نموونە لە کۆنگرێسی ئەمریکادا، یان لە زۆربەی وڵاتاندا، مەرج نییە ســـەرۆك ســـەر بەو پارتە بێت کە زۆرینەیە، هەروەك چۆن ئێســـتا لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا وایە، بۆیە هەندێك جار بە بنبەست گەیشتن شتێکی ئاساییە، بەڵام لەوانەیە ســـەرۆك بتوانێت حاڵەتەکە بگەیەنێتە خەڵك و پاشان زۆر لـــە نوێنەران و پەرلەمان بکرێت کە وەڵام بدەنەوە، بەڵام لە واقیعدا ئەمە بەدەگمەن ڕوودەدات لەبەر ئەوەی بە سادەیی خەڵك پشـــتگیری ســـەرۆك ناکەن. بەدەگمەن ئیجابییانە وەڵامی هەوڵەکانی ســـەرۆك دەدەنەوە بۆ ئاڕاستەکردنیان، بۆیە بە تێکڕا لەسەر هەرشتێك بێت بەلایەکی تردا دەڕوات، بۆیە ســـەرۆك کاتێکی لە ئاڕاستەکردنی خەڵکدا تووشی زۆر دژواری دەبێت، تەنانەت مەحاڵە بۆ سەرۆك کە خەڵك ڕێکبخات، بەڵام کاتێك هێرشـــێك دەکرێتە ســـەر وڵاتەکە و کاتێك قەیرانێکی لەو جۆرە دێتەئاراوە، ئەمە شـــتێکی جیـــاوازە، لەبەر ئەوەی هیچ بژاردەیەکی تر نییە جگە لە وەڵامدانەوەی دەستبەجێ. بۆیە لە وەڵامدانەوەی هێرشی ژاپۆنییەکان، ســـەرۆك وتی پێویستمان بە خۆئامادەکردن هەیە بۆ شـــەڕ. بۆیە پێموایە کە ئەوە بیرۆکەیەکی جوانە کـــە حاڵەتەکە بگوازرێتەوە بـــۆ خەڵك لە ڕێی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، زۆر ئاســـانە کە شـــتەکانی خۆت بڵێیـــت، زۆر هۆکار هەیـــە کە خەڵك بۆچوونی خۆیان بگۆڕن بە ئاســـانی، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر تۆڕی کۆمەڵایەتی و کەناڵی تەلەفزیۆنی هەن، (بۆ نموونە لە ئەمریکا ٢٥٠ کەناڵی تەلەفزیۆنی هەن) کاتێك ســـەرۆك لە تەلەفزیۆن قسە دەکات، زۆر لە خەڵك سەیری دەکات، بەڵام زۆربەشیان سەیری ناکەن، بۆیە زۆر قورسە بۆ سەرۆك کە بگات بە خەڵك، بەتایبەتی ئەو خەڵکانەی کە بۆچوونیان جیاوازە لە ســـەرۆك و پاشـــان ڕای خۆیان بگۆڕن.

*** كەواتە ئەگەر پەرلەمان گەیشـــتە بنبەست، بۆ سەرۆك ناتوانێت بانگەشەی شتێكی وەك ریفراندۆم بكات، هەڵبەت بۆ هەموو شـــتێك نـــا، بەڵكو ئەو شـــتانەی پێوەندی بە چارەنووســـی خەڵكەوە هەیە، یان گرفتێك، قەیرانێكی وا هەبێت كە خەڵك پێوەی بناڵێنێت، ئایا پێویســـت نییە لەو كاتانەدا سەرۆك بۆ خەڵك بگەڕێتەوە؟**

- ئەگەر نەتەوە بەرەنگاری قەیرانێك بووەوە، ئەوا شتێکی ژیرانەیە کە وەڵامی سەرۆك بدرێتەوە، بەڵام دەبێت بزانین کە چەندین هۆکار هەن جیا لە سەرۆك، بۆ نموونە دوایین کێشە کە ڕووبەڕووی وڵاتە یەکگرتووەکان بووەوە، هێرشی تیرۆریستی ١١ی سێپتەمبەر بوو، ئەو کارە تیرۆریستییە بووە هۆی ئەوەی لە شەو و ڕۆژێکدا، ئاستی جەماوەری ســـەرۆك دەبلیو بوش بەرز ببێتەوە بۆ لە ٨٧٪ لە کاتێکدا پێش هێرشەکە ٥١٪ بوو، ئەمە بێ ئەوەی هیچ کارێکیش ئەنجام بدات، بەڵکو خەڵکەکە کۆبوونەوە بۆ وەڵامدانەوەی هێرشـــەکە، نەك وەڵامدانەوەی ســـەرۆك، واتە بێ ئەوەی لەلایەن سەرۆکەوە پێیان بوترێت کە هێرشەکە شتێکی خراپە، خۆیان تێگەیشتن کە دەتوانن سەیری تەلەفزیۆن بکەن، لەم حاڵەتەدا هەر کەسێك ســـەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، بۆیە ئـــەوەی کە گرنگە بیزانین ئەوەیە کە لە جەنگ لە گەڵ ئەفغانســـتان و عێراق، زۆربەیەکی کەم لەگەڵیدا بوون کە بچێتە جەنگەوە، بەڵام پێش ١١ی ســـێپتەمبەر ســـەرۆك نەیدەتوانی ڕای گشـــتی بجووڵێنێت. هەرچەندە هەوڵی زۆر دا و خەڵك بەگشـــتی زۆر ڕقیان لە ســـەدام حوسێن بوو، بەڵام هێشتا سەرۆك نەیدەتوانی زۆرینە کەمەکە زیاد بکات، تا ئەو کاتەی چووە ناو شەڕەکەوە، پاشان خەڵك لە دەوری پلانەکە کۆبوونەوە. زۆر قورس بوو بۆ ســـەرۆك بە تەنیا خۆی و پارتەکەی خەڵك ڕێکبخات، خەڵك وەڵامی ئەوە دەدەنەوە کە دەیبینن، ئەمەشـــە کە خەڵك بە گرنگی دەزانـــن لەبەر ئەوەی ئـــەوە ڕوون دەکەیتەوە بۆ خەڵك کە چی ڕوودەدات، بۆیان ڕوون دەکەیتەوە ئەوە پێوەندی چییە بەوەی کە ڕوودەدات لە جیهاندا و کاریگەری لەسەر ژیانیان چییە؟. ئەمە بەڕاســـتی پێویستی بە ڕای گشتی خەڵك زۆر زیاترە لە سەرۆك، هەرلەبەر ئەمەشە پێشتر لە بایەخی کاریزمام هێنایـــە خوارەوە. بەدڵنیاییـــەوە بە چەمکێکی بەســـوودی نابینم لە دنیای ئەمڕۆدا، باشترە کە بخرێتە ئەولاوە، چونکە ئەوە جۆرێکە لە بۆچوونی تیۆری، سەرۆك پێویستی بەوە نییە، بەڵکو پێویستە سیاسەتمەدارێکی باش بێت، ئەگەر سەیری ڕۆزفلت، ڕێگان، کلینتۆن بکەین، بە وردی دەبینین خەڵك بەگشتی لەگەڵیان نەبوون، هەندێك خەڵك هاوڕایان بوون، چونکە ئەگەر وا نەبووایە نەدەبوونە ســـەرۆك، بەدڵنیایەوە خەڵکانێك لە پشتیانەوە بوون، بەڵام هەتا کلینتۆن پێشـــنیاری چاودێریی تەندروستی نەکرد، چی ڕووی دا؟ لە ڕاســـتیدا هیچ ڕووی نەدا، دەیتوانی خەڵك ڕێکبخات بۆ ئەو دەستپێشخەرییە پلە یەکەی، بەڵام

پارتەکـەی لە هەڵبژاردندا دۆڕانـدی و کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کۆنترۆڵی کۆنگرێسیان کرد و باراک ئۆباما پرۆژەی چاودێری تەندروسـتییەکەی دیسـانەوە خستە بەردەم کۆنگرێس و بە زۆرینەی دەنگ تێپەڕی.

*** بۆ وڵاتێکی وەك وڵاتـە یەکگرتووەکان کە دوو پارتی سەرەکی هەیە، زۆرجار سەرۆك لە سەدا پەنجای زیاتری پشـتگیریی خەڵکی هەیە، بەڵام لەو وڵاتانەی کە زیاتر لە دوو سێ پارت هەیە، سەرۆك ئەو پشتگیرییەی نییە و لەو وڵاتانەدا پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی بڕیاردان و دەبنە ڕێگر لە بەردەم هەوڵەکانی سـەرۆك بۆ بەدیهێنانـی ئاواتەکانی خەڵك لەبەر ئـەوەی نایانەوێت سەرکەوتنەکە لەسەر دەستی سەرۆك بێتەدی، کەواتە چۆن سـەرۆك لەوکاتە قورسە و پڕ لە فشـارەدا کار بکات بۆ هێشتنەوەی نەتەوە بە یەکگرتوویی؟**

- لە پرسـیارەکەت تێدەگەم، پرسـیارێکی زۆر بەجێیە. ئەگەر سـەرۆك دەسـەڵاتێکی ڕێژەیی تەواوی هەبێت، سـەرەڕای ڕەخنەگرتن لێی، ئەوا پێداگیری دەکات لەو شـتانەی کـە دەرئەنجامێکی بۆ نەتـەوە هەیە، خەڵك بەگشـتی وەڵامیان بۆ دەرئەنجامەکان هەیە. هەمیشە مشتومڕ هەیە لەسـەر ئەوەی کێ شتەکە بکات، بەڵام خەڵکـی ئەوانەی کە پێشـتر لەگەڵ سـەرۆك نەبوون سەرکەوتنەکانی ئەو دەسـەڵاتە دەبینن، لێرەشدا سەرۆك دەتوانێت هاوپەیمانەتییەکەی فراوان بکات. بە زۆری لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، ناتوانین پێشبینی بکەین هەموو نەتەوە کە لە ناوخۆیدا بگۆڕدرێت، بۆیە پێموایە زۆر جار گۆڕان بە سەرکەوتن دێتەکایەوە، زۆرجاریش سەرکەوتنی گرنگ لە شکستەوە سەرچاوە دەگرێت.

*** زۆر جـار کە نەتەوە ڕووبـەڕووی قەیرانێك دەبێتەوە، ڕاگەیاندن ڕۆڵ دەبینێت. هەندێك لە ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵی باش و هەندێك ڕۆڵی خـراپ دەگێڕن، لەم بارودۆخەدا چۆن سـەرۆك هاوسـەنگی ڕاگرێت لەنێوان پاراستنی ڕاگەیاندنی سـەربەخۆ بۆ دیموکراسـی و ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی ئەو ئازادییە؟**

- بەگشـتی ڕاگەیاندن ئـەوە دەکات کە دەیەوێت، بۆیە دەتوانن یاسـا دەرکەن بۆ ئەوەی کە ئەمە ڕێکبخات و بە یاسا ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دەوڵەت قەدەغە بکەیت و.. تـاد، بەڵام لـە بنەڕەتدا ڕاگەیاندن بـە ئارەزووی خۆی دەتوانێت ڕەخنە بگرێت و کردووشـیەتی. لە کاتە جیاوازەکاندا کە ئەمەریکا ڕووبـەڕووی قەیران بۆتەوە. بۆ نموونە لە قەیرانـە گەورەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، وەك سـستییە ئابوورییە گەورەکـە ( the great depression) زۆربەی ڕاگەیاندنەکان کاتێك شـتیان دەنووسی لـە پێش هەڵبژاردنەکاندا ئەوا پاڵپشـتی، یان هەڵمەتی کۆمارییەکانیـان پەسـەند دەکـرد، نـەك ڕۆزفلت. لە جەنگی ڤێتنامدا ڕەخنەیەکی زۆر لە سەرۆك دەگیرا، تا گەیشتە خۆپیشاندان و پرۆتێستۆی زۆر و معارەزەیەکی زۆر لە سـەرۆك هەبوو، هەموو ئەوانەش لە سەروەختی شـەڕدا بوو. یان ئەبراهـام لینکۆڵن کـە ڕەخنەیەکی زۆری لێدەگیـرا، تەنانەت لە جۆرج واشـنتن -یش کە وەك موقەدەسـێك وایە لە مێژووی ئەمریکادا، تۆمەس جێفەرسۆن کە کەسـایەتییەکی گرنگی ئەمەریکایە لە کتێبەکەیدا بە ڕەخنەگرتن لە واشـنتۆن دەست پێدەکات، کارەکان بەو شـێوەیە بەڕێوە دەچن. لە دەسـتووردا ئەوە چەسـپێندرا کە دەبێت دەسـەڵاتی جێبەجێکردن ڕەخنە قبووڵ بـکات، چونکە بێ ئەوانە دیموکراسـی نابێت، هەرچەندە زۆر قورسـە، بەڵام دەبێـت واز لە ڕاگەیاندن بێنـن هەر چییەك دەیەوێت بیڵێـت، چونکە هەر کاتێك بتەوێت سنوورداریان بکەیت، هەنگاوێك گەڕاویتەوە دواوە و خەڵك بەرپەرچی ئەو دەسـەڵاتە دەداتەوە کە دەسەڵات بە خراپی بەکاردەهێنێت، بۆیە بەڕاستی زۆر زۆر قورسە کە هاوسەنگی دروست بکەیت.

*** ڕۆڵ و ئەرکی سـەرۆك چییە لە کاتی قەیرانەکاندا بۆ ئەوەی هەموو نەتەوە پێکەوە بهێڵێتەوە و دڵنیایی بداتە خەڵك کە بارودۆخەکە ئاساییە؟**

- پێموایـە ئەمە یەکێکە لە ڕۆڵە گرنگەکانی سـەرۆك و کـەس ناتوانێت ئەو ڕۆڵـە بگێڕێـت. دڵنیاکردنەوە شـتێکی زۆر گرنگە بۆ ئەو خەڵکەی کە هەسـت بە نائارامی دەکەن لە قەیرانەکاندا، بۆیە بە شوێن دڵنیاییدا دەگەڕێـن، هەندێك جـار ئـەو دڵنیاکردنەوەیە تەنیا لە وتنی ڕاسـتییەکان بە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەر ئـەوەی دەیانەوێت ڕاسـتییەکان بزانن و بشـزانن چۆن سـەرکردە مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکات، بۆیە چەرچڵ یەکێك لە وتارە بەناوبانگەکانی بەوە دەسـت پێدەکات کە دەڵێت: «هەواڵەکانی فەرەنسـا زۆر خراپە»، هەروەها بە خەڵکی بەریتانیای وت: «سـەیرکەن بارودۆخەکە زۆر خراپە و دەبێتە هۆی شـەڕێکی درێژخایەن و وەڵامێك و چارەسـەرێکی سـادە نییە بۆ ئەمە و ناتوانم برۆم و بۆ سـەر لە ئێوارە هیتلەر تێکبشکێنم، ناتوانم ئەمە بکەم»، بۆیە دەبێت ڕاستییەکان بە خەڵك بوترێت، تەنانەت ئەگەر بارودۆخەکـە خراپیش بێت، دەبێت هـەر ئەمە بکرێت. ناتوانیت وای پیشـان بدەیت کە هەموو شتەکان بە باشی دەڕۆن تا بە سـەرتا بشکێتەوە، ئەمەش دووبارە بەشێکی دەگەڕێتـەوە بۆ ڕاگەیاندنی سـەربەخۆ کـە بتوانێت گوزارشـت لەمە بکات، کە پیشـانی بدات بەڕاسـتی بارودۆخەکە چۆنە، نەك دەست بکات بە کۆنترۆڵکردنی زانیاری، بەڵام دڵنیایی گرنگە.

**سەرۆکەکان پەرلەمانیان نییە، بەڵکو شتێکی وەک کۆنگرێسیان هەیە. سەرۆک وەزیران پەرلەمانی هەیە. زۆر جار سەرۆک وەزیران پشتگیری دەکرێت لەناو پەرلەماندا لەبەر ئەوەی پارتەکەی زۆرینەی دەنگی لەناو پەرلەماندا هەیە، هەندێک جاریش هاوپەیمانیەتی پێویستە**

**گرنگە باشترین جۆری سەرکردایەتیت هەبێت، بەڵام ناتوانین بڵێین هەر کە ئەم جۆرە سەرکردەیەت هەبوو، هەموو شتێک باش دەبێت و هیچ گرفتێک ڕوونادات و هیچ جۆرە کێشەیەک نابێت و دەتوانێت وڵات ئامادە بکات بۆ هەر قەیرانێک کە هەیە**

**نەتەوەکان لە قۆناغی بونیادنانی دەوڵەتدا پێویستیان بە سەرکردایەتییەکی بەهێز هەیە و سەرکەوتووەکان ئەوانەن کە دەسەڵاتەکانیان بە خراپی بەکارناهێنن**



رەشید خەیون بیرمەند و نووسەری عێراقی بۆ گوڵان:

# ئەو خەڵکە زۆرەی وەک پەنابەر روو لە ئەوروپا دەکات متمانەیان بە دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی نییە

**سەبارەت بە شەپۆلی کۆچی ئەم دواییەی خەڵکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی بەرەو خۆرئاوا، گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ڕەشید خەیوون سازدا کە توێژەر و نووسەرێکی تاراوگەنشینە و سەبارەت بەم دیاردە جیهانییەی کە هەموو دنیا پێوەی سەرقاڵ بووە، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەوەش بۆ زانینی دەرکەوتە و هۆکارەکانی ئەم دیاردە تەشەنەسەندووە. خەیوون پێیوایە دەوڵەتانی ئەوروپا، نە بۆ بینینی سروشت خەڵکی ڕووی تێدەکەن، نە بۆ دابینکردنی ئازادی و ژیانی ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی پەنابەر وەردەگرن، بەڵکو ئەو دەوڵەتە ئەوروپییانە دوای ئەوەی ئایینیان لە سیاسەت جیاکردەوە و لیبراڵییەت و پەیامی دیموکراسییان ڕاگەیاند، بوونە مایەی ڕاکێشانی خەڵك بەرەو ئازادی، ئەم ڕاکێشانەش چەندین هۆکار و شێوازی هەیە، یەکەمیان ئازادیی بیروباوەڕ و ئازادیی ئایین و ئازادیی تاکەکەسیی، مەرج نییە بڵێین هۆکاری ئەو کۆچە بە لێشاوە، ڕژێمی سووریا، یان پەرتەوازەیی ناو عێراقە، بەڵکو دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو دەوڵەتە ئەوروپییانە سیستەمی ڕاکێشانیان هەیە. درێژەی بیروبۆچوونەکانی لە دیمانەکەدا دەخەینەڕوو.**

*** لە ئێستادا شەپۆلێکی گەورەی کۆچبەران بەرەو ئەوروپا بەڕێوەیە، لەبەر ئەوەی ئێوە لە لەندەن دەژین، خوێندنەوەتان بۆ ئەم دیاردەیە چییە؟**

- دیاردەی کۆچکردن بەرەو ئەوروپا شتێکی تازە نییە، دەتوانم بڵێم هەر لە هەشتاکانەوە زۆربەی خەڵك لە وڵاتانی ناوچەکە بە ئاواتەوە بوون و حەزیان دەکرد ڕووبکەنە وڵاتانی ئەوروپا، بەتایبەتیش لە عێراقەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا بوون، جاران ئەو خولیایە، یان ئەو حەزە دەکرا دوابخرابایە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی ئەو بارودۆخ و ڕەوشە مەترسیدارەی عێراق، یان سووریاوە بۆتە شتێکی پێویست کە بیر لە کۆچکردن بکەنەوە، بەڵام پێویستە لێرەدا ئەو وڵاتە ئیسلامییانە، یان عەرەبییانەی کە شەریعەت پەیڕەو دەکەن، ئەوە بزانن، کە بۆچی دەوڵەتانی ئەوروپا پەنابەر وەردەگرن. ئایا بۆ ڕابواردن و بینینی سروشتە، یان بۆ دابینکردنی ئازادی و ژیانی ئاسوودەیی کۆمەڵایەتییە، یان بۆ هۆکاری دیکەیە؟ پێموایە کە ئەو دەوڵەتە ئەوروپییانە دوای ئەوەی ئایینیان لە سیاسەت جیاکردەوەو لیبراڵییەت و دیموکراسییان ڕاگەیاند، بوونە مایەی ڕاکێشانی خەڵك بەرەو ئازادی، ئەم ڕاکێشانەش چەندین هۆکار و شێوازی هەیە، یەکەمیان ئازادیی بیر و باوەڕ و ئازادیی ئایین و ئازادیی تاکەکەسییە، مەرج نییە بڵێیین هۆکاری ئەو کۆچە زۆرە ڕژێمی سووریا، یان عێراقە، بەڵکو دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو دەوڵەتە ئەوروپییانە سیستەمی ڕاکێشانیان هەیە، لە ئەوروپا لێت ناپرسن چی دەخۆیت و دەخۆیتەوە، یان چی لەبەردەکەیت و بیر لە چی دەکەیتەوە؟ تەنیا لەوە لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکەن کە تۆ دەستدرێژی بکەیتە سەر ئازادیی کەسانی دیکە و لە یاسا لابدەیت. لێرەدا پێویستە بپرسین ڕەوشی ئێستای عێراق چۆنە، کە هەندێك باس لە دەوڵەتێکی ئایینی دەکەن، یان دەوڵەتی ویلایەتی فەقیه، یان بەها ئیسلامییەکان لە نێو سیاسەتدا، ئەمانە ڕاست نین، بۆیە کە بیر لە ئیسلام و مەسیحییەت دەکەینەوە وەك پڕۆگرامێکی خودایی، ئەوەیان بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە ئایین، بەو دیدەی کە ئێستا لە ئەوروپا پەیڕەو دەکرێ.

*** ئەی پێتانوانییە ئەو هەزاران کۆچبەرانەی لە ئێستادا ڕوو لە ئەوروپا دەکەن، کاریگەرییان دەبێت بۆ گۆڕینی دیموگرافیا و جوگرافیای ئەو دەوڵەتانە لە ماوەی دە بۆ پازدە ساڵی داهاتوودا؟**

- جاران ئەوانەی دەمارگیر بوون لەو وڵاتانە بیریان لەم شتە دەکردەوە، بەڵام ئێستا خەڵکی سادە و ئاسایی بیریان بۆ ئەو گۆڕانکارییە دەچێت، ئەو کۆچبەرانە ئەو نەریتانەی ئەوروپاییەکانیان نییە، تەنانەت نەریتی پاکوخاوێنی جادەو شەقام و شوێنە گشتییەکان، یان نەریتی پابەندبوون بە یاسا، بەڵێ دەتوانم بڵێم دوودڵی و نیگەرانی لە هەمبەر ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافییە هەیە، بەڵام شتێکی لەوە گرنگتر هەیە، کاتێك ئەو کۆچبەرانە لە لەندەن، یان پاریس یان هەر وڵاتێکی دیکە وەك پەنابەر جێگیر دەبن، دەیانەوێ منداڵەکانیان وەك منداڵانی عێراق، یان سووریا، یان ئەفغانستان بن، بەتایبەتیش لە ڕووی ئایینەوە، لێرەدا ئایینی دیکە لەو وڵاتانە هەن، بۆ نموونە کەسانێك هەن لە ئەوروپا نیشتەجێن دەیانەوێ منداڵەکانیان بە پەروەردەی وڵاتەکانی پێشتری خۆیان پەروەردە بکەن، بەڵام ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە، جارێکیان عێراقییەکی شیعە لە دەوڵەتێکی ئەوروپی نیشتەجێ بوو، بۆ ساڵیادی ئیمام حوسێن گەڕابۆوە نەجەف و عەمامەیەکی لەسەر کردبوو، لە نەجەف بە خەڵکەکەی دەگوت: لە ئەوروپا ژیان سەختە و پەلاماری ئافرەت دەدەن و ئازادیی ئایینی نییە، کەچی خۆی و منداڵەکانی هەموو مانگێك پارە و کۆمەك و هاوکاری پەروەردەیی و تەندروستی لە حکومەتی ئەو وڵاتە وەردەگرت، بۆیە ئەوروپا خەڵك لەسەر بنەمای ئایین

**لە وڵاتانی عەرەبی ئەو لیبراڵییەت و ئازادییە نییە کە مرۆڤ لەسەر هەموو شتێکەوە دابنێت**

**دەوڵەتە عەرەبییەکان ترسیان لەو خەڵکە کۆچبەرانە هەیە کە هەموویان لە ناوچەی تەنگژەو شێواو پڕ لە کێشەوە هاتوون**

**ئەوروپا خەڵک لەسەر بنەمای ئایین و ئایینزایی وەرناگرێت، ئەو دەوڵەتانە هەموو کەس و ڕەنگ و دەنگێک وەردەگرن**

**هەندێک دەوڵەتی عەرەبی، یان ئیسلامی خۆیان یارمەتیی داعش و میلیشیاکان دەدەن، واتا خۆیان تەنگژە هەناردە دەکەن و بەشێکن لە قەیرانە سیاسی و ئەمنی و مرۆییەکە**

و ئایینزایی وەرناگرێت، ئەو دەوڵەتانە هەموو کەس و رەنگ و دەنگێك وەردەگرن، یان جاری وایە تۆ دەیان وتارت دژی ئەوان نووسیوە، بە هەرحاڵ ئەوان بەپێی یاسا و رێنماییەکانی وڵاتانی خۆیان مامەڵە دەکەن.

*** راستە خەڵکێکی زۆری پەنابەر و کۆچبەر روویان لە ئەوروپا کردووە، بەڵام ئایا ترسی ئەوەیان نییە کە لە نێو ئەو کۆچبەرانەدا کەسانێکی توندڕۆ و تیرۆریستی وەك داعشیان تێدا بێت، رەنگە لەبەر ئەو هەموو ژمارە زۆرە سەرەتا درك بەوە نەکرێت، لەم رووەوە چی دەڵێن؟**

- ئەم دیاردەیە هەیە، چونکە ئەو موسڵمانانەی روو لە دەوڵەتانی ئەوروپا دەکەن، شیعە و سوننەیان تێدایە، رەنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیر لە رێگەچارە بکاتەوە بەتایبەتیش گۆڕین و دەرکردنی هەندێ یاسا و رێنمایی تازە، بۆ نموونە یاسای تیرۆر کە ئازادییەکان بەرتەسك دەکات، کەچی لەهەمان کاتدا خەڵکەکە دەپارێزێت، ئەوان بە دەرکردنی یاسای تازە رووبەڕووی ئەمە دەبنەوە، بۆ نموونە پێویستە ئەو کەسەی بە پەنابەر وەردەگیرێت زمانی ئەو وڵاتە بزانێت، یان رەگەزنامە وەرناگرێت ئەگەر داب و نەریتی ئەوان فێر نەبێت لە ئەوروپای لیبراڵدا، بۆیە من پێموایە هەندێ بیرۆکە دەبنە یاسا و بەسەر پەنابەراندا دەسەپێندرێن، بۆ نموونە دەبینین لە فەرەنسا مەسەلەی سەرپۆش بۆتە کێشە کە ئەو وڵاتە مافی خۆیەتی، چونکە کێشەیەکی گەورە هاتە ئاراوە لە نێوان موسڵمان و جوولەکە و مەسیحییەکان، دەبینرا کە موسڵمانان سەرپۆش لەسەر دەکەن و مەسیحییەکان خاچ لە مل دەکەن و جوولەکەش هێمای دیکە، بۆیە فەرەنسا دەیەوێت پارێزگاری لە عەلمانییەتی وڵاتەکەی بکات کە بەم هۆیەوە پەنابەری وەرگرتووە، کە بەم رێگەیە بە هەزاران چەوساوەو خەڵکی شایان بە مافی پەنابەرێتی دەتوانن سوود لە یاساکانی ئەو وڵاتە وەربگرن، بەمەش فەرەنسا دەتوانێت پارێزگاری لە لیبراڵییەتی خۆی و ئەوروپا بکات.

*** دەبینین دەوڵەتانی عەرەبی کە بانگەشەی یەکێتیی نەتەوەو ئایین و زمانیان دەکرد دەرگایان بە رووی ئەو کۆچبەرانەدا داخست، ئەوانەی لە ترسی مردن و برسێتی و نەمانی هۆکارەکانی ژیان روویان تێکردبوون،**



**لە کاتێکدا وڵاتانی ئەورووپا کە ئیسلام و عەرەب نین، پێشوازی لەو هەزاران خەڵکە کۆچبەرانە دەکەن، لێکدانەوەو روونکردنەوەتان بۆ ئەمە چییە؟**

- هەندێ شت لە سیاسەتدا هەیە، کە رەنگە لەگەڵ دروشم و بانگەشەدا جیاوازبێت، کە باس لە برایەتیی عەرەب و یەکێتیی زمان و ئەو شتانە دەکرێت، لە قسەکردندا شتێکە و لە پراکتیدا جۆرێکی دیکەیە، هەر دەوڵەتێکیش سیستەمی خۆی هەیە، ئەو وڵاتانە لەوە دەترسن کە رژێمی حوکمیان بکەوێتە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ئەو کۆچبەرانە، چونکە لەوانە سەر بە حزب و لایەن و ئاراستەی جیاجیان، بۆیە دەبینین لە وڵاتانی عەرەبی ئەو لیبراڵییەت و ئازادییە نییە کە مرۆڤ لەسەر هەموو شتێکەوە دابنێت، هەروەك چۆن لە ئەورووپا هەیە، دەوڵەتە عەرەبییەکان ترسیان لەو خەڵکە کۆچبەرانە هەیە کە هەموویان لە ناوچەی تەنگژەو شێواو پڕ لە کێشەوە هاتوون، بە پێچەوانەوە ئەورووپا یاسای کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان هەیە کە بە هۆیانەوە داکۆکی لە سیستەم و حوکمڕانیی خۆیان دەکەن و بڕوایان بە پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی هەیە، دەکرێ لە وڵاتانی عەرەبی بژیت، بەڵام مافی پەنابەریت پێ نادرێت، لە ئەورووپا یاسای تایبەت بە پەنابەرێتی هەیە.

*** بەڵام پرسیارێکی سەرنجڕاکێش دێتە پێشەوە، دەبینین خودی وڵاتانی عەرەبی بە چەك و پارە یارمەتی ئەو هێزانە دەدەن کە دژی تیرۆریستان دەجەنگن، کەچی لە رووی مرۆییەوە ئاوڕ لەو خەڵکە لێقەوماوانە نادەنەوە و دەرگا بە روویاندا دادەخەن؟**

- ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیە بۆ ناڵێیت هەندێك دەوڵەتی عەرەبی، یان ئیسلامی خۆیان یارمەتیی داعش و میلیشیاکان دەدەن، واتا خۆیان تەنگژە هەناردە دەکەن و بەشێکن لە قەیرانە سیاسی و ئەمنی و مرۆییەکە، کەواتە چۆن دەتەوێ یارمەتیی خەڵکەکە بدەن، ئەم دووفاقییە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بۆیە ئەو خەڵکە کۆچبەرانە بیریان لەوە کردۆتەوە بەرەو ئەورووپا بچن، نەك روو لەو دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییانە بکەن.

**دەوڵەتانی ئەورووپی دوای ئەوەی ئایینیان لە سیاسەت جیاکردەوە، لیبرالییەت و دیموکراسییان راگەیاند، بوونە مایەی راکێشانی خەڵک بەرەو ئازادی، ئەم راکێشانەش چەندین هۆکار و شێوازی هەیە، لەوانە ئازادیی بیروباوەڕ و ئازادیی ئایین و ئازادیی تاکەکەسی**



**پرۆفیسۆر سەید گراوید**

**لە زانکۆی محەمەدی پێنجەم لە مەغریب بۆ گوڵان:**

# شاڵاوی پەنابەران دەوڵەتانی ئەوروپای خستۆتە بەردەم ئەمری واقیع بۆ ئەوەی چارەسەرێک بدۆزنەوە

**پرۆفیسۆر سەید گراوید راگری کۆلێژی دیراساتی ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و سەرۆکی گرووپی دیراساتی کۆچبەران و کەلتوورە لە زانکۆی محەمەدی پێنجەم لە مەغریب. بۆ قسەکردن لە بارەی رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شاڵاوی کۆچبەران لە سووریا و لیبیا و ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئەورووپا و کاردانەوەی ئەرێنی و نەرێنی جیاوازی دەوڵەتانی ئەورووپی، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**



*** پێداگری و پاڵپشتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ڕەهەندی «بەهاری عەرەبی» بۆ ناکۆکیی نێوان سوننە و شیعە گۆڕیوە، ئەمەش هۆکاری ئەو ئاوارە ناوخۆییانەیە لە سووریا و وڵاتانی دراوسێ. لە کاتێکدا دەمێکە ئەم کارەساتە پێشبینی کراو بووە، بەڵام بۆچی جیهان هەوڵ نادات کێشەی سووریا چارەسەر بکات؟**

- دەبێت کێشەی سووریا لە ناو سیاقی گشتی پێوەندییەکانی دەسەڵات و بەرژەوەندییە ناکۆکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناویاندا ناکۆکیی ئیسرائیل فەلەستین و عێراقی پاش ٢٠٠٣ و دەستێوەردانە مێژووییەکانی دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر بکرێت. ئێران یەکێکە لەو یاریزانانەی کە کاریگەری زۆری داناوە لە سەر دەرئەنجامەکانی شۆڕشی خەڵکی لە سووریا،رووسیاش ڕۆڵێکی گرنگی لە پاڵپشتی ڕژێمی ئێستای سووریادا گێڕاوە، تورکیا و وڵاتانی کەنداویش ڕۆڵێکی دژبەیەك و دوولایەنەیان لەم ناکۆکییەدا گێڕاوە. پێموایە یەکێك لەوە فاکتەرە گرنگانەی کە هەر زوو دەستێوەردانی سەربازی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سووریادا وەستاند، دەرئەنجامی شۆڕشەکانی لیبیا و میسر و یەمەن بوون. لەم سێ نموونەیەدا، لایەنە سەربازییە رادیکاڵییەکان، یان گرووپە ئیسلامییەکان چوونە ناو ئەو بۆشایی دەسەڵاتەی کە لە داڕووخانی ڕژێمەکان بەجێ مابوون و سیاقێکی

**هەمیشە خەڵکی ڕێگەیان بۆ پێکەوەژیان و هاوبەشی دۆزیوەتەوە، ئێستا ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەوروپا ئەوەیە بڕیار بدات کە چۆن ئەو پرۆسەی یەکخستنە پەرە پێبدات**

**ئەوروپا لە هەڵمەتێکی پێوەندی گشتیدایە بۆ جوانکردنی ئەو وێنەیەی کە دەمێکە بە جەنگە یەک لە دوای یەکەکان و داگیرکاری و حوکمی کۆلۆنیالی پیس بووە**

**ئێستا ئەوروپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەردەم ئەمرێکی واقیعدان و لەسەریانە بگەنە چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ پەنابەران و ئاوارەکانی شەڕ**

**ڕژێمی سووریا کارتی هەڕەشەی ڕێکخراوە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانی زۆر زیرەکانە بەکارهێنا، ئەمەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بارەی هەڵوێستیان دژی ڕژێمەکە و ڕووداوەکانی ئیفلیج و دابەش کرد**

بێسەروبەری وای دروستکرد کە دوایی زۆر ئاڵۆز بوو کۆنترۆڵ، یان ئیحتیوا بکرێت. پێموایە ڕژێمی سووریا کارتی هەڕەشەی ڕێکخراوە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانی زۆر زیرەکانە بەکارهێنا، ئەمەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بارەی هەڵوێستیان دژی ڕژێمەکە و ڕووداوەکانی ئیفلیج و دابەش کرد. هەروەها هەڵکشانی ئەمەش زیاتر بۆ ناکۆکیی تائیفی سوننە و شیعەکان هاوکێشەکەی ئاڵۆزتر کرد، لەبەر نەخشەی ئاڵۆزی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** ئەگەر لەم بارودۆخە ئاڵۆزە سەبارەت بە ئەجێندای سیاسیی داعش قسە بکەین، ئایا تا چەند ئەجێندای سیاسی داعش خۆی لە شەڕی مەزهەبی شیعە و سوننەدا بەرجەستە کردووە؟**

- یەکەم، من پێموایە داعش ئەجێندایەکی سیاسیی ڕوونی هەیە و تەنیا کۆمەڵگەی شیعەی نەکردووتە ئامانج، بەڵکو مەبەست دروستکردنی دەوڵەتێکە لە ناوچەکەدا. جا چ لە ئەفغانستان، عێراق، لیبیا، یەمەن یان سووریا بێت. گرووپە تیرۆریستییەکان سوودیان لە میتۆد و ستراتیژییەکانیان وەرگرتووە و جووڵاون بۆ گرتنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ڕووخانی دیکتاتۆرەکانەوە بەجێماوە، هەمان ڕێگەیان لە سینای تاقیکردەوە. لەم خاڵەدا ناکۆکییە تائیفییەکان یەکێکە لە گرنگترین کارتەکان کە داعش بەکاری دێنێت، بەڵام هەمیشەش دەتوانن ئامانجەکانیان بۆ نیشاندەرە ناسنامەییەکانی دی فراوان بکەن، - لە ناویاندا مەسەلە نەژادییەکان-. لە ڕاستیدا لە ماوەی زیاتر لە چوارساڵی رابردوو، بێجگە لە تونس، هەڵوەشاندنەوەی لەسەرخۆی دەوڵەتانمان بینیوە. تا ڕادەیەك مێژووی کورت و حوکمی یەك لە دوای یەکی ڕژێمە سەرکوتکەرەکان، بیرۆکەی دەوڵەتە، نەتەوە لە ناوچەکەدا تا ڕادەیەك لاوازە و سەرئەنجامیش ڕاگواستنی دانیشتووان بووە. هەمان پرۆسەمان لە ئەفغانستان و عێراق و لیبیا و یەمەن و سووریا بینی. من لایەنگیری «بیردۆزی موئامەرە» نیم و پێموایە کە هەموو لایەنەکان بەرپرسن و بەرپرسیاریەتی هاوبەشیان هەیە لەو دەرئەنجامانەی کە ئەمڕۆ دەیانبینین. سەرەڕای ڕژێمی سووریا و داعش، ئەوروپا و وڵاتەیەکگرتوەکان و تورکیا و دەوڵەتانی کەنداو هەموویان راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە ڕاگواستنی ئەو دانیشتووانانە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە تەنیا پاش ئەوەی پەنابەران بڕیاریان دا ڕێگەیان بۆ ئەوروپا بگۆڕن، بووە قەیرانێکی نێودەوڵەتی گەورە. ئەردەن پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆری پەنابەری فەلەستینی و عێراقی و سووری دەکات، لەکاتێکدا سەرجەم جیهان بە شێوەیەکی ناکاراییانە



سەیری دەکەن. سەرەڕای هەموو ئەو وێنە تراژیدییانەی کە لەگەڵ جووڵانی پەنابەران بۆ ئەوروپادایە، پێموایە ئەم کۆڕەوە دەتوانرێت وەك نیشانەی بەهێزکردنی خەڵکیش بخوێندرێتەوە. بڕیاری پەنابەران بۆ بەدیهێنانی ویستی کۆمەڵییان و دروستکردنی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، زۆر لە ئاستی نائومێدی و بێدەرەتانی ئەو کۆمەڵگەیانەی تیایدا بوون، پیشان دەدات. ئێستا ئەوروپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەردەم ئەمرێکی واقیعدان و لەسەریانە بگەنە چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ پەنابەران و ئاوارەکانی شەڕ. بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم زۆر دوودڵم لە بارەی ئەو شێوازەی میدیای ئەوروپی کێشەی پەنابەرانی لە ئەوروپا رووماڵ دەکات. دەزانم کە هاونیشتمانی و کۆمەڵەکان لە ئەوروپا کارایانە یارمەتی پەنابەران لە بەردەم ماڵەکانیاندا دەدەن و گوزارشت لە هاوکاری ڕاستەقینەیان بە بانگەشەکانیانەوە دەکەن. بەڵام میدیاکان و سیاسەتمەداران بێباکن لە بەکارهێنانی ئەم تراژیدیا مرۆییە بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان، هەر لە وێنەی قوربانییانەوە بۆ سێلفییەکان لەگەڵ منالاَندا و لە وتارە پێشوازییەکانی سیاسەتمەدارە ژن و پیاوەکان بۆ بانگەوازەکەی پاپاوە، پێموایە ئەوروپا لە هەڵمەتێکی پێوەندی گشتیدایە بۆ جوانکردنی ئەو وێنەیەی کە



دەمێكــــە بە جەنگە یەك لە دوای یەكەكان و داگیركاری و حوكمی كۆلۆنیالی پیس بووە.

*** بەڵام بــە دیوێكی دیكەشــدا ئــەوەش دەبینین كە خەڵكی ئەوروپا دروشمی دژە پەنابەرییان بەرزكردووەتەوە و ڕەتیدەكەنەوە پێشــوازی لەپەنابەران بكەن. پێشــبینی ناكەیت كە دیاردەی پێكدادانی شارستانییەتەكان لە نێوان ئیسلام و مەسیحییەكانی ئەوروپا بەهۆی ئەو ڕەفتارانەی ئەوروپییەكان دژی پەنابەران ڕوویدات؟**

- بــاوەڕم بە پێكدادانی شارســتانییەتەكان نییە. ئەمە دروشــمێكی ڕێونكــەر و دروســتكراوە بــۆ خزمەتی ئەجێندایەكــی سیاســی دیاریكراو. هەمیشــە خەڵكی ڕێگەیان بۆ پێكەوەژیان و هاوبەشــی دۆزیوەتەوە، ئێستا ئەوەی دەكەوێتە سەر ئەوروپا ئەوەیە بڕیار بدات كە چۆن ئەو پرۆســەی یەكخســتنە پەرە پێبدات. چەند دەیەیەك لەمەوبەر، فەرەنســا كۆچبەرانی لە باكووری ئەفریقاوە وەرگرت و لە گەڕەكە گۆشــەگیرە هەژارنشــینەكاندا (HLM) نیشــتەجێی كردن. دەرئەنجامەكانی ئەوە بوون كە پاش ســێ نــەوە، نەوەكانی ئــەو كۆچبەرانە كە لە فەرەنســا لەدایكبوون و گەورە بوون، هەســت دەكەن كە لەناو كۆمەڵگەكەی خۆیاندا پێشوازییان لێناكرێت. بۆیە ئەوروپــا دەبێت لە ئەزموونەكانــی ڕابردوو وانە فێربێت، ئەو پەنابەرانەی ئێســتا لە ئەوروپان، لەدواییدا بۆ هیچ شوێنێك ناڕۆن و لەوێ دەمێننەوە.

*** هەندێك وڵاتی ئەوروپی بانگەشــەی ئەوە دەكەن كە تەنیا پێشوازی لە پەنابەرانی مەسیحی دەكەن، ئایا ئەمە هانی هەموو مەســیحییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت دەدات كــە بیر لە كۆچ بۆ ئەوروپا بكەنەوە و وڵاتەكانی خۆیان بەجێ بهێڵن؟**

- دەبینم چۆن دانیشــتووانی مەســیحی لە ئەردەن یەك دەخرێن و پێموا نییە مەســیحییەكانی ئەردەن بەم زووانە بۆ هیچ شــوێنێك بچن. بانگەشەی پێشوازیكردن تەنیا لە پەنابەرانی مەســیحی خراپیی نییەتە و زۆر جار لە سیاســەتمەدارانی كینەدڵ وخەڵكانی نەزانەوە سەرچاوە دەگرێت. بەهــەر حاڵ، مەســیحییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت حاڵیان لە هاونیشتمانییە موســڵمانەكانیان باشتر نییە، كاتێك دێتە سەر ئەو وێنە گشتگیرە باوانەی كە میدیای ڕۆژئاوایی لەســەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروســتیان كردووە. بەڵام هەروەك لە حاڵەتی پەنابەرانی سووریدا بینیمان، ئەوروپا تەنیا ئەگەر ڕووبەڕووی ئەمری واقیع بووەوە، ڕەفتار دەنوێنێت. ســەرەڕای ئەوەی، ئێستا بیروبۆچــوون و گوتاری دژبەیــەك لە بارەی داهاتووی ئەوروپا و ئەو سیاسەتانەی كە دەبێت بگیرێتەبەر هەیە.

**یەكێك لەوە فاكتەرە گرنگانەی كە هەر زوو دەستێوەردانی سەربازی ڕاستەوخۆی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سووریادا وەستاند، دەرئەنجامی شۆڕشەكانی لیبیا و میسر و یەمەن بوون**



### ماموستا ئومێد عومەر

**پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی حاجی عوسمانی باوەمەردەیی بۆ گوڵان:**

# ئەو قەیرانە سیاسییەی حزبەکان درووستیان کردووە لە شەڕی داعش ترسناکترە

**بارودۆخی هەستیاری هەرێمی کوردستان وا دەخوازێت هەمووان بە هەستکردن بە لێپرسراوێتییەوە هەوڵی پاراستنی یەکڕیزیی گەلی کوردستان بدەین، تاوەکو بە ئاشتییانە و دوور لە دەمارگیری حزبایەتییەوە گەلی کوردستان لەو قەیرانانە دەرباز بکەین کە تێی کەوتووە، لەمەشدا رۆڵی مامۆستایانی ئایینی و ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکان لەبەرچاون، کە بە پێچەوانەی زۆر لە پەرلەمانتارەکانەوە، هەوڵی پاراستنی ئەو ئاشتەوایی و یەکڕیزییە دەدەن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخەی ئێستا، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ مامۆستا ئومێد عومەر خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە شەریعەتی ئیسلامی و پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی حاجی عوسمانی باوەمەردەیی سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** مێژووی موسڵمانێتیی کورد، مێژوویەکە لێبووردەیی و پێکەوەژیانی بەرهەمهێناوە، بەڵام کاتێك ئەم ئایینە پیرۆزە بۆ مەبەستی سیاسیی بەکاردەهێندرێت، هەستدەکەین ئەم دیــوە جوانەی لێبووردەیی دەشــێوێندرێت، یان دەگۆڕێت بــۆ توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی یەکتر، بۆ ئەوەی ڕێگری لەوە بکرێت، کە ئەم دیوە جوانەی لێبوردەیی نەگۆڕدرێت بۆ توندوتیژی، مامۆســتایان و زانایانی ئایینی ئیسلام، ئەرکێکی قورســیان کەوتۆتە سەرشــان، ئایا ئێستا ئێوە وەکو مامۆســتایانی ئیسلامی چۆن بەردەوامیی بە دیوە جوانەکەی لێبووردەیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەدەن؟**

- بــە ناوی خــوای گەورە و میهرەبــان؛ لە هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك کێشەی ئایینی و مەزهەبیمان نییە، بەڵکو کێشــەی نەتەوایەتیمان هەیە. کورد لە رووی نەتەوە و نیشــتمانەوە میللەتێکــی مەزڵوومەو لە رووی ئایینەوە هیچ گرفتێکی نییە، بۆ نموونە تەنیا راپەڕین-ی پارێزگای ســلێمانی زیاتر لە ١٦مزگەوتی تێدایە و هیچ کەســێك لە حکومەتی هەرێمی کوردســتان ڕێگری لە دینداریمان نەکردووە، منیش لەگەڵ راوبۆچوونی ئێوەدام، ئەرکی ئێمە وەکو مامۆســتایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام قورسە، دەبێت بە بەردەوامی لە مینبەری مزگەوتەکان و گوتارەکانماندا هەوڵ بدەین هەموو لایەك بەرەو ئاشــتی و برایەتی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی ببەین، خودای گەورەو میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (**والْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ**) واتــە ئەوانەی رك و کینە دەخۆنەوە و لە خەڵکیش خۆش دەبن، خودای گەورە چاکەکارانــی خۆش دەوێت (إن الله يحب المحســنين). بــەڵام جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە تەنیا بە مامۆســتایانی ئایینی، یا لە وتارەکانی هەینیدا نابێت، دەبێت کەناڵەکانی راگەیاندن رۆڵی بەرچاویان هەبێت، دەکرێت ژمارەیەك لە مامۆستایانی پسپۆڕ و شارەزاو دڵسۆز بە خاك و نیشتمان لــە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە رۆڵیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی ئاشــتەوایی و تەبایی لە نێوان هەموو لایەنەکان دروست بکەنەوە، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینی پێکەوەژیان و برایەتــی و خۆشەویســتییە، کە جێــی داخە زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندن سەرکەوتوو نەبوون لە تەرخانکردنی بەرنامەیەکی ئایینــی تایبەت بە دژایەتیکردنی فیکری توندڕەوی و داعشــی، تەنانەت ئەگەر بیروبۆچوونێکی جیاوازیــش هەبێت بە شــێوەیەکی ئاشــتییانە و برایانە هاووڵاتیان دەتوانن مومارەســەی فیکر و بیروبۆچوونی خۆیان بکەن. با لێرەدا سەرنجێکی بارودۆخەکەی ئەمڕۆی کوردســتان بدەین، کە سوپاس بۆ خوا لە زۆر بواری وەکو سەقامگیری و ئاسایش و ئاوەدانکردنەوە قۆناغی باشمان بڕیــوە و ســەرکەوتووین، ئەمەش بۆ رۆڵــی هەموو ئەو ئاشتی و برایەتییەی نێوان حزبەکانی کوردستان و هەموو ئەو رۆشــنبیر و رۆژنامەنووس و مامۆستایانی ئایینی و چین و توێژەکانی تری ناو کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، کە بە هەمــووان رۆڵیان هەبووە و هــەر بە هەموو لایەکیش ئەو قەیران و گرفتانەی هاتۆتە پێشمان چارەسەری دەکەین.

*** لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردســتاندا هەموو کاتێــك مامۆســتایانی ئایینی پیرۆزی ئیســلام رۆڵی گەورەیان لە ڕێکخســتنی کۆمەڵگە بینیوە و هاوکاریی هێزی پێشــمەرگەی کوردســتانیان کــردووە، بەڵام ئەو رۆڵەی مامۆســتایانی ئایینی دوای دروستبوونی حزبە ئیسلامییەکان پاشەکشەی کردووە، لە دوای سەرهەڵدانی شەڕی تیرۆرســتانی داعش ئێستا مامۆستایانی ئایینی خەریکە هەمان رۆڵی پێشــوویان دەگێڕنەوە، ئایا تا چەند گرنگە مامۆســتایان و زانایانی ئایینی لەم قۆناغەشدا هەر پێشــەنگ بن بۆ کوردایەتــی و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە بکەن؟**

- ئێمە وەکو مامۆستایانی ئایینی چ لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە بێت، یا لە ڕێگەی یەکێتی زانایانەوە، چەندین وتارمــان تەرخان کــردووە لە دژی فیکــرەی داعش و تونــدڕەوی و توندوتیژی ئایینی و دڵســۆزیمان بۆ خاك و نەتەوە و پێشــمەرگە هەیە کە پلەی شەهادەتیان هەیە، هەر بۆیە ئەرکی ئایینی و نیشتمانیمانە کە بەرگری لەم نەتــەوە مەزڵوومە و خاکە پیرۆزەی کوردســتان بکەین. ئەم رۆڵگێڕانەی مامۆســتایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە درێژایی هەموو شۆڕش و خەباتەکانی میللەتی کورد دیارو لەبەرچاو بووە، تەنانەت هەموو رابەر و سەرکردەکانمان دەرچووی قوتابخانەی ئایینی بوون، شێخ و مەلا و زانایانی گــەورە بوون، جێی داخە ئەمــڕۆ حزبایەتی لە هەرێمی کوردســتان ئەو رۆڵەی کەم کردووەتــەوە. دژایەتیکردنی داعش پێویستی بە پسپۆڕ و شارەزایانی بەرزی ئایینی و زانایان هەیە، چونکە گرووپی تیرۆریستی داعش فیکری توندڕەویــی بڵاوکردۆتەوە و هەر دەبێت بــە فیکر لەناو ببرێت. گەرچی مامۆستایانی ئایینی لە هاوکاریکردنی پێشــمەرگە و رووبەڕووبوونەوەی داعش رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە و کۆنترۆڵی ئەوەیان کردووە، گەنجان هەڵنەخەڵەتێن و نەچنە ناو ئەو تاقمە تیرۆریســتەوە، بەڵام گەڕانەوەی رۆڵی زیاتری زانایان و مامۆســتایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی لەناو کورد زۆر پێویستە.

*** بۆ ئێســتا گرنگە فیتنەو ئاژاوە لە کوردســتان دوور بخەینــەوە، لەبەر ئەوەی لەم بارودۆخە کە لە شــەڕێکی گەورەداین یەکڕیزی و یەکدەنگــی بۆ نەتەوەکەمان زۆر گرنگــە، بەڵام ئــەوەی جێگەی داخە، ئێســتا حزبەکان خەریکە ئەم یەکڕیــزی و یەکدەنگییە تێکبدەن، دیارە لەم قۆناغە ناســکەدا هێزی پێشــمەرگە خۆی تێکەڵی ئەم ئاژاوەیە نەکردووە، تا چەند گرنگە مامۆستایانی ئایینی خۆیــان تێکەڵی ئەم ئاژاوەیە نەکەن و ببن بە پەرژینێك بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کوردستان؟**

**ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی و پیرۆزە کوردستان لە فیتنە بپارێزین**

**لە ناو پەرلەمان چەند حزبێکی ئیسلامیمان هەیە، هەندێکیان رۆڵی باشیان گێڕا و لە هەوڵی ئەوەدان ئەم فیتنەیە تەشەنە نەکات، هەشبوو بە پێچەوانەی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان کاریان کردووە، لە ژێر کاریگەریی دەرەکی و لایەنی سیاسی تردا بوون**

**نابێت لە پەرلەمانی کوردستان گەلەکۆمەکی لە هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی بکرێت و خوانەخواستە چاڵ بۆ یەکتری هەڵبکەنین، ئەم کێشەو گرفتانە بەلێکگەیشتن و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت باشترە**

- ئەرکمانە لە ڕێگەی مینبەری مزگەوتەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سەردانەکانماندا بۆ لای گشت پارت و لایەنە سیاسییەکان کە هەموو لایەك ئاگادار بکەین کە ئەم کوردستانە شیرین و ڕازاوەیە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە و بەری ڕەنجی ماندووبوونی هەموو نیشتمانپەروەر و پێشمەرگەیەکە، دەبێت بیپارێزین، ئەگەر شتێکیشمان بەدڵ نەبێت، کوردستان چەترێکە نابێت تووڕی بدەین، بەڵکو پێویستە بە هەموومان چاکتری بکەین، ئەرکی هەموو چین و توێژەکانە، بە مامۆستایانی ئایینیشەوە، کە ڕۆڵی زیاتر ببینن، پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی:(علی المرء المسلم السمع والطاعة فیما أحب وکره، إلا أن یؤمر بمعصیة، فإن أمر بمعصیة فلا سمع ولا طاعة) واتا لەسەر هەموو هاونیشتمانێکی موسڵمان پێویستە گوێڕایەڵیی بکات بۆ کاربەدەستانی وڵات، ئەگەر ئەمر بە گوناح و تاوان نەکات، ئەگەر ئەمری بە گوناح و تاوان کرد، ئەوا نابێت گوێڕایەڵی بکات. لێرەدا نابێت کەسی موسڵمان بهێڵێت فیتنە و ئاژاوە و شەڕ و کوشتن لە کوردستان سەرهەڵبدات، بەپێچەوانەوە هەموومان گوناحبار دەبین و بەرپرسیارێتی دنیایی و قیامەت دەکەوێتە ئەستۆمان، لە کوردستان سوپاس بۆ خودا دینداری و خواپەرستییەکی باش هەیە و ڕێز و تەقدیرێکی هەموو لایەنەکان هەیە و مامۆستا و زانایانی ئایینی ئیسلام و کەسایەتییەکان ئازادانە مومارەسەی دینداری دەکەن و ئەو هەموو مزگەوت و تەکیەو خانەقا و قوتابخانەی ئایینییە هەیە کە نییەتپاکیی و باشی حکومەتی کوردستان نیشان دەدات، من ناڵێم حکومەت بێ کەموکوڕی و بێ هەڵەیە، بەڵام لێرەدا ئەرکی سەرشانی هەموانە بە گفتوگۆ و دانوستان و چاودێریکردن و لێپرسینەوە و کردەوەی باش چارەسەری بکەین نەك بەوەی بە هاوشێوەی دوژمنان، حکومەتەکەی کوردستان کە حکومەتی خەڵکە بیرووخێنین. هەر بۆیە دوعای بەخێر و دەستخۆشی لە سەرجەم برایانی پێشمەرگە دەکەم کە ڕۆح و گیانی خۆیان فیدادەکەن بۆ خەڵکی کوردستان و کارێکی چاك و باشیش دەکەن کە بەشداری ئەم ململانێ سیاسییە ناکەن، لەم ڕوانگەیەوە داوام لە سەرجەم سەرکردە و لێپرسراوی حزبەکانی کوردستان هەیە واز بێنن لە لێدوانی ئاگرین و زمانی هەڕەشە و یەکتر بریندارکردن، چارەسەری بارودۆخی کوردستان و دەربازبوون لەم هەموو نەهامەتی و قەیرانە، تەنیا بە یەکڕیزی و گفتوگۆو دانیشتن و نزیکبوونەوە دەبێت. زمانی ئەقڵ و مێژوو، ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو پێمان دەڵێت کە جگە لە ئاشتی و گفتوگۆ ڕێگەچارەی تر نییە، زمانی ڕك و کینەو توندوتیژی هەر هەمان شتی لێدەکەوێتەوە و ناگەینە ئەنجام، مادام هەموومان خۆمان بەدڵسۆزی کوردستان دەزانین کەواتە لێشی بەرپرسیارین و نابێت فیتنە دروست بکەین، خودای گەورەو میهرەبان لە دوو ئایەتدا باسی فیتنە دەکات(الفیتنە اکبر من قتل) واتا فیتنەیی لە کوشتن گەورەترە، چونکە ئەم فیتنەیەی ئەمڕۆ لە کوردستان دروست بووە ڕەنگە سەدان کوشتنی لێبکەوێتەوە، هەروەها لە شوێنێکی تردا خودای گەورە و میهرەبان دەفەرمووێت(الفتنة اشد من القتل)، ئێمەی موسڵمانی کورد خاڵی ئیجابی زۆرمان هەیە لێکمان نزیك دەکاتەوە و بەرژەوەندیمان یەکە و هاوزمان و هاوخاك و هاونیشتمان و هاوئامانجین، هەربۆیە تەباو برا بین سەرکەوتوو دەبین، ئەمڕۆ ئەرك و بەرپرسیارێتی زۆر گەورە و گرنگە، حەرام و گوناهبارە هەر کەسێك لەم کوردستانە ببێتە هۆکاری نانەوەی ئاژاوە و شەڕ و فیتنە، بەڵکو هەموو لایەنەکان پێویستە دابنیشن و بە گفتوگۆ چارەسەری کێشەکانیان بکەن.

*** کوردستان بەرەو دەوڵەت هەنگاو دەنێت، ئەم هەنگاوە دوای پشتیوانی خوا پێویستی بە ئیرادەی خێر و پشتگیری هەموو لایەك بۆ سەرۆکی کوردستان هەیە، ئایا چەندە گرنگە لەم قۆناخە و بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە هەموو نەتەوە پشتگیری سەرۆکی خۆی بکات؟**

- بەڕێز مسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خاوەن کەسایەتییەکی چاك و بەناوبانگ ڕۆڵی کاریگەری بینیوە بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لەم ئاژاوە و نائارامیەی عێراق و ناوچەکە تێیکەوتووە، بەهێزی ئەم سەرۆکە لەرووی دیبلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانەوە پاڵپشتی و هاوکارییەکی باش بوو بۆ گەلەکەمان و هێزی پێشمەرگە بۆ ئەوەی ئەم سەرکەوتنانە تۆمار بکەن، ئەم کەسایەتییە لەسەرخۆ و نەرمە، دەکرێت وەکو باوکێك ببێتە ئارامی بۆ هاونیشتمانییان. ئەو قەیران و گرفت و کێشانەی ئەمڕۆ بەرۆکی کوردستانیان گرتووە، پێوەندی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە نییە، بەڵکو ئەوە گرفت و کێشەی ئەدای حکومەتێکی بنکەفراوان و هاوبەشە کە هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان تێیدا بەشدارن، هەموو وەزارەتەکان نەیانتوانیوە وەکو پێویست چاکسازی بکەن و مووچە و کۆمەڵێك خزمەتگوزاری کارەبا و ئاو و پێشکەوتنی بواری تەندروستی و پەروەردە پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەن. خۆزگە هەمو حزبەکانی کوردستان و ئەو پێنج لایەنە کۆبوونەوەیان لەسەر ئەوە بکردایە بۆ گەنجان چی بکەن، کارگە و کارخانەیان لەکوردستان دروست بکردایەو گەنجانیان تێدا دابمەزراندایەو ڕێگە نەدەن بە دەست قاچاخچیەوە گیانیان لە دەریای ئیجەو ناو بارهەڵگرەکان لەدەست بدەن، با کۆبوونەوە لەسەر ئەوە بکەن چۆن کەرتی کشتوکاڵی ببووژێننەوە، من نازانم کوردستان لە دوو قەیرانی ترسناکدایە شەڕی داعش و قەیرانی ئابووری، ئیتر بۆ قەیرانی سێیەمیشیان تێدا دروستکرد کە قەیرانی ململانێی حزبی ناوخۆی کوردستانە کە زۆر لەو دوو قەیرانەی دیکە ترسناکترە، دار دەڵێت: ئەگەر

**کاتێک جەنابی مام جەلال خوا شیفای بدات، سەرۆکی عێراق بوو بۆ هەموو کورد جێگەی شانازی بوو، ئێمە بۆ دەبێت زیان بە کەسایەتییە کاریزماکانمان بگەیەنین لە کاتێکدا لە ئاستی نێودەوڵەتی و لەناوخۆشدا زۆرترین کەس ڕێز و گوێی لێ دەگرن**

**بە درێژایی مێژوو هۆکاری شکستی ئیمارات و هەموو شۆڕشەکانمان کێشەی ناوخۆیی بووە کە وایکردووە دۆزە گەورەکەمان لەدەست داوە هەربۆیە میللەتێکی ٤٠ ملیۆنی خاوەنی وڵات و کیانی خۆی نییە لەکاتێکدا دەکرا وڵاتێک یا چەند کوردستانی هەبێت**

**خۆزگە هەمو حزبەکانی کوردستان و ئەو پێنج لایەنە کۆبوونەوەیان لەسەر ئەوە بکردایە بۆ گەنجان چی بکەن، کارگە و کارخانەیان لەکوردستان دروست بکردایەو گەنجانیان تێدا دابمەزراندایەو ڕێگە نەدەن بە دەست قاچاخچیەوە گیانیان لە دەریای ئیجەو ناو بارهەڵگرەکان لەدەست بدەن**

تەور کلکی لەخۆم نەبێت نامبڕێتەوە. ئەگەر ماڵمان یەك بێت و تەبا بین، سەد ئەوەندە دوژمنمان هەبێت، ناحەزانی ئەم وڵاتــە ناتوانن زەڕەیەك ئازارمان بــدەن، بە درێژایی مێژوو هۆکاری شکستی ئیمارات و هەموو شۆڕشەکانمان کێشــەی ناوخۆیی بووە کە وایکردووە دۆزە گەورەکەمان لەدەســت داوە هەربۆیــە میللەتێکــی ٤٠ ملیۆنی بێ خاوەن وڵات و کەیانــی خۆیەتی لەکاتێکدا دەکرا وڵاتێك یــا چەند کوردســتانی هەبێت. هەر بۆیە من پێم باشــە پاڵپشتی و پشتگیری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت و کەســێکی بەدیلی جەنابی کاك مســعود بارزانیشمان نییە، کاتێك ســەفەری وڵاتان دەکات لە ئاستی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرەکانەوە پێشوازی لێ دەکرێت، لە ناوخۆشــدا کە خۆی بە پێشمەرگە دەزانێت و لە نزیکەوە لە بەرەکانی پێشــەوەی شەڕ بەشداری کارای هەیە، مەعنەوییاتی پێشمەرگەی بەرز کردۆتەوە و رۆڵی گــەورەی هەیە، هەر بۆیە دەبێت گــەورەش بیر بکاتەوە. کاتێك جەنابی مام جەلال خوا شــیفای بدات، ســەرۆکی عێــراق بوو بۆ هەموو کورد جێگەی شــانازی بوو، ئێمە بــۆ دەبێت زیان بە کەســایەتییە کاریزماکانمان بگەیەنین لە کاتێکدا لە ئاســتی نێودەوڵەتی و لەناوخۆشدا زۆرترین کەس رێز و گوێی لێ دەگرن و کۆمەڵێك کاری گرنگی پێ دەکرێت. هەربۆیە من وای دەبینم جەنابی ســەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی چاك و باشە و زەڕوورە بۆ ئەمڕۆی کوردستان و دوای ساڵ و نیوێکی تر هەڵبژاردن دەکرێت، ئەوکات کێ دەیەوێت ببێتە ســەرۆکی کوردستان با لە ڕێگەی خەڵکەوە دەنگ بەدەســت بهێنێت، دەنگدان لەناو گەل و خەڵکەوە بۆ دەبێت لێی بترســین، ئەی ئێمە باسی دیموکراسی و خەڵك ناکەین، کاتێك جەماوەر دەنگ بە کەسێك بدات هەمووان پێی رازی دەبن و ڕێگە لە فیتنە و ئاژاوەگێڕییش دەگیرێت، خۆ ئەگەر ترســی تەزویر لە هەڵبــژاردن هەیە، با لە ئاســتی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە چاودێری هەڵبژاردنەکە بکرێت.

*** ئایا دوای ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یەکلایی بکاتــەوە و خودی پەرلەمان بووە هۆکارێك بۆ پەرتبوون و دابەشکردن و نانەوەی ناســەقامگیری و ئارامی، دەبێت لەمەودوا چۆن ئەو رۆڵەی بۆ بگێڕدرێتەوە؟**

- ئێمــەی موســڵمان و ئیماندار پێویســتە حەکیمانە و عەقڵانییانــە بیــر بکەینــەوەو زیان بە هیــچ لایەك و کەسایەتی و حزبێك نەگەیەنین و لە خزمەتی بەرژەوەندی گشــتیدا بین، بەداخەوە لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان لە دژی تیرۆریســتانی داعش لە شەڕدا بوون و لە بەغداوە گەمــارۆی ئابووریمان لەســەرە و زیانی بە بژێوی ژیان و خزمەتگوزارییــەکان گەیاندووە، کەچی پەرلەمان خۆی سەرقاڵی پرسێك کردبوو کە هەمووان دەزانن هەموو پۆست و پرسە سیاســییەکانی بەغدا و کوردستان و حکومەت و بە خودی پەرلەمانیشەوە بەرهەمی عەقڵانی گفتوگۆ و دانیشــتنی نێوان لایەنەکان بووە، کاتێکیش سەرۆکایەتی پەرلەمــان دۆخەکەی بــەو ئاقارە گەیاند و پرســەکەی بۆ یــەکلا نەکرایەوە، بــووە هۆکارێك بــۆ پەرتبوون و ئاڵۆزبوونی پرسەکە، ئەمڕۆ نابێت لە پەرلەمانی کوردستان گەلەکۆمەکی لە هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی بکرێت و خوانەخواســتە چاڵ بۆ یەکتری هەڵبکەنین، ئەم کێشەو گرفتانــە بەلێکگەیشــتن و گفتوگۆ چارەســەر بکرێت باشــترە، نــەك وەکو ئــەوەی پەرلەمان کــردی خەڵکی ترسان و نائارامی و ناســەقامگیری خستەوە ناو فکری گەنجەکانمان کە روو لە هەندەران دەکەن، چارەسەری ئەم دۆخە تازە لە پەرلەمان نییە، چونکە سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتارەکان بە ئیعازی سەرکردەکانیان جووڵاونەتەوە، هەربۆیە دەبێت سەرکردەکان دابنیشن و چارەسەری دۆخەکە بکەن و دواتریش خۆمان بــۆ هەڵبژاردن ئامادە بکەین با ئەو ســەرکردەی حزبانەی ناڕازین لە دۆخەکە لە ئێستاوە خۆیان بۆ هەڵبژاردن ئامادە بکەن، جارەکەی تر سێ کەس خۆی هەڵبژاردبوو با ئەمجارە سکرتێری هەموو حزبەکان خۆیان هەڵبژێرن و ئەگەر میللەت دەنگی پێدان پیرۆزیان بێــت، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە خەڵك دەنگت نەداتێ و بتەوێت بە ڕێگەیەکی تر ڕێگە بگرێت لە ئیرادەی گەل و میللەت زیانت پێ دەگات و دەبێتە هۆی فیتنە و ئاژاوە، ئەوەش لە شــەڕی داعش مەترسیدارترە و ئایینی ئیسلام حەرامی کردووە.

*** ئــەو رۆڵی چاککــردن و ناوبژیوانییەی ئاماژەی پێ دەکەیت کە دەبێت موسڵمان وابێت، کەچی لەناو پەرلەمان حزبی سیاســی ئیســلامی هەبوو ئەو رۆڵــەی نەگێڕا، بەڵکــو زۆر توندوتیژ مامەڵەی کــرد، ئایا ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

ئێمە لە ناو پەرلەمان چەند حزبێکی ئیســلامیمان هەیە، هەندێکیــان رۆڵی باشــیان گێڕا و لە هەوڵــی ئەوەدان ئەم فیتنەیە تەشــەنە نەکات، هەشــبوو بــە پێچەوانەی دەقەکانــی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان کاریان کردووە، لە ژێر کاریگەریی دەرەکی و لایەنی سیاســی تردا بوون، پێغەمبەرەکەشمان(د.خ) دەفەرموێت سوڵح خێری لە نوێژ و رۆژوو زیاترە، بەڵام سوڵحی نێوان دوو لایەن زۆر زیاترە. کەواتە خودای گەورەو میهرەبان ئەرکی گەورەی لەســەر شانمان داناوە کە ســوڵحە، نەك رۆڵێکی سلبی بگێڕین، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (اسمعوا وأطيعوا وإن استعمل عليكم عبد حبشي كأن رأسه زبيبة)، گەلی کوردستانیش زۆر مەینەتــی و نەهامەتی بینیوە و دەبێت ئارام و هێمن بین و پاڵپشــتی چاکســازی و کارەکانی سەرۆکەکەمان بین لە پاراســتنی کوردستان و ئاشــتەوایی و یەکڕیزی نەتەوەکەمان.

**بەڕێز مسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خاوەن کەسایەتییەکی چاك و بەناوبانگ رۆڵی کاریگەری بینیوە بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لەم ئاژاوە و نائارامیەی عێراق و ناوچەکە تێیکەوتووە**

**قەیرانی ئابووری و بێ مووچەیی و کێشەکانی هەرێمی کوردستان پێوەندی بە ئەدای حکومەتی بنکەفراوان و هاوبەشی هەموو حزبەکانەوە هەیە، نەك بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، چونکە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زیاتر تەشریفاتییە نەك خزمەتگوزاریی**

**کوردستان لە دوو قەیرانی ترسناکدایە شەڕی داعش و قەیرانی ئابووری، ئیتر بۆ قەیرانی سێیەمیشیان تێدا دروستکرد کە قەیرانی ململانێی حزبی ناوخۆی کوردستانە کە زۆر لەو دوو قەیرانەی دیکە ترسناکترە**